لەسەر بنەمای باوەرپێکردنی (اعتراف)ی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقی فیدڕاڵ بە بڕوانامەی ئەو پەیمانگەیە لیژنەی یەکسان کردنی بڕوانامەکان لە وەزارەتەکەمان دانی ناوە بە بڕواناکانی دەرچووی ئەو پەیمانگایە بەهەمان شێوە. بەهەرحاڵ ئێمە ناڕەزایمان نەداوەو داواکاری کەسمان ڕەت نەکردۆتەوەو هەرگیز هیچ کارێکی زانیستیمان بە سیاسەت نەبەستۆتەوە هەندێ لەم خوێنەرانە لەم دواییەدا فێربوون یەك لەدوای یەك بەتاکەکەسی لەو پەیمانگایە قبوڵ بۆ یەکتری دەنێرنو ئێستاش (٧) مامەڵەمان لەلایەو بەردەوامین لەسەر کارکردن لەسەر داواکاریان. بەڕێزان ئەوەی لەلای ئێمە گرنگە بابەتی خوێندنەکەو ماوەی خوێندنەکەیە بەکاتێکی قیاسی بێت بۆ ئەوەی زۆر بارگرانی خەرجی نەخەینە سەر حکومەتی هەرێم. لەبەر ئەم هۆیە ئێمە ناڕەزایمان دەربڕیوە دەربارەی ماوەو شێوازی خوێندنەکە بەم شێوەیی خوارەوە:

١. قبوڵی ناوبراوان بۆ خوێندنی دبلۆمە دوای بکالۆریوس بۆ ماوەی دوو ساڵ.
٢. ئەگەر خوێنەرەکە دبلۆمی تەواو کرد بە پلەی باشە ئەوا دەگوازرێتەوە بۆ خوێندنی ماستەر کە ئەویش دوو ساڵ دەخایەنێ.
٣. ئەگەر ماستەری تەواوکرد بەپلەی باشە ئەوا دەگوازرێتەوە بۆ دکتۆرا کە ئەویش (٣) ساڵ دەخایەنێ.

لەمە بۆمان دەرکەوت کە خوێندنی دکتۆرا لەو پەیمانگایە (٧) ساڵ دەخایەمێو ئەمەش لەهیچ شوێنێك وانیە قبوڵ نیە. ئێمە داوامان لێکردوون کە هەوڵ بدەن کە قبوڵ لەشوێنێکی ترو بەدەست بهێنن کە یەکسەر ماستەر دەخوێنی دوای بکالۆریوس بەدوو ساڵو ئەوکات ئامادەین هەموو کارەکانیان بۆ ئەنجام بدەین بەپێی ڕێنماییەکان.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**د. ادریس هادی صالح**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil
NNO:
DDATE:



ئەنجومەنی
نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق
کوردستان – هەولێر
ژمارە: ٨١٧/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٩/٦/٨

---

## بۆ بەڕێز/ وەزیری پەروەردە
## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سۆزان شهاب نوری) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە لەماوی (١٥) رۆژدا لەرۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوونی بەرێزتان لە دانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

**لەگەڵ رێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ سۆزان شهاب نوری

| | |
|---|---|
| کورتەی بابەتەکە | |
| ئێمە لەگەڵ ئەوەی پاڵپشتی لەکەرتی تایبەت دەکەین بۆ کارکردن لەبواری پەروەردەدا بەڵام تێبینیمان کردووە کۆلیژی عیشق (سەر بە کۆمپانیای فەرزالەری تورکی) بڕی ساڵانەی خوێندن لەسەر قوتابیان زیاد دەکاتو ئەمساڵیش بڕی ساڵانەکەی کردۆتە ١٦٥٠ دۆلار، لەگەڵ ئەوەی بینای قوتابخانەی تایبەتی خۆیان دروست نەکردووە لە قوتابخانەیەکی وەزارەتدا نیشتەجێن. | |
| پرسیارەکە | |
| پێوەرەکانی دانانی بڕی پارەی ساڵانەو زیادکردنی چینو لەسەر چ بنەمایەك دەخەملێنرێت؟ | |

فراکسیۆن
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
سۆزان شهاب نوری

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پەروەردە**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی**
**بەڕێوبەرایەتی دواناوەندی نموونەیی**
**ژمارە: ٨٢٧٤**
**رێکەوت: ٢٠٠٩/٦/٢٢**

## بۆ/ پەرلەمانی کوردستان
## ب/ نرخی خوێندنی ئەهلی

نووسراوتان ژمارە ٨١٧/٣/٤ لە ٢٠٠٩/٦/٨ نرخی خوێندن لە قوتابخانەو خوێندنگە ئەهلی یەکان بەپێی فۆرمی هاوپێچ لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی دانراوەو لەسەر پێوەر ساڵانە ئەگەری گۆڕانی ئەو نرخە دەکرێت بەڕەزامەندی وەزارەت، وبۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩- ٢٠١٠ نرخەکان نەگۆڕاون‌و وەك ساڵی پێشووە ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ ماوەتەوە.

**لەگەڵ رێزدا...**

**هاوپێچ/ (١) فۆرم**

**د. دلشاد عبدالرحمن محمد**
**وەزیری پەروەردە**

**<u>وێنەی بۆ/</u>**
**نوسینگەی بەڕێز وەزیری پەروەردە.**
**بەڕێزان ڕاوێژکارانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.**
**ب. گ. ف ئامادەیی/ ب- دواناوەندی نموونەیی‌و ئەهلی- لەگەڵ بەراییەکان...**
**ب. گ.ف. بنەرەت‌و باخچەی ساوایان/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.**
**ب.گ.پ. (هەولێر- سلێمانی، دهوك- گەرمیان) بۆ کاری پێویست‌و ئاگادارمان بکەنەوە لەهەر زیادەیەك لەنرخی خوێندن ئەگەر هەبوو لە فێرگە ئەهلییەکانی سنووری پەروەردەکانتان، لەگەڵ ڕێزدا.**
**ب.پ. (کۆیە- خانەقین)- بۆهەمان مەبەست لەگەڵ ڕێزدا.**
**خولاو.**

# لیستی نرخی خەمڵێنراو بۆ قوتابخانە و خوێندنگە ئەهلییەکانی کوردستان

| ژ | ناوی قوتابخانە | ئاستی قوتابخانە | ناوی شارەکەی | نرخی خوێندن بە (دینار) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆلێجی ئیشقی کوڕان | سەرەتایی | هەولێر | ١٠٥٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ٢ | کۆلێجی نیلۆفەری کچان | سەرەتایی | هەولێر | ١٠٥٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ٣ | کۆلێجی سەلاحەددین | سەرەتایی | سلێمانی | ١٠٥٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ٤ | کۆلێجی سلێمانی کچان | سەرەتایی | سلێمانی | ١٠٥٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ٥ | د. میدیا | سەرەتایی | سلێمانی | ١٠٥٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ٦ | ق. میدیا | سەرەتایی | هەولێر | ١٣٠٠٠٠٠ دینار ساڵانە | لەگەڵ ژەمێک خواردن و یەک دەستە پۆشاک ساڵانە و کتاب |
| ٧ | ق. لیزا | سەرەتایی | هەولێر | ١٠٥٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ٨ | ق. باڵا | سەرەتایی | هەولێر | ٩٠٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ٩ | ق. ئیشقی روناکی | سەرەتایی | هەولێر | ١٢٠٠٠٠٠ دینار ساڵانە | لەگەڵ ژەمێک خواردن و دوو دەستە پۆشاک ساڵانە |
| ١٠ | ق. میدیا | سەرەتایی | سلێمانی | ٩٥٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ١١ | ق. میدیا | سەرەتایی | دهۆک | ٩٠٠٠٠٠ دینار ساڵانە | |
| ١٢ | باخچەی لیزا | سەرەتایی | هەولێر | ٨٠٠٠٠ دینار ساڵانە | لەگەڵ دوو ژەم خواردن |
| ١٣ | باخچەی باڵا | باخچە | هەولێر | ١٠٠٠٠٠٠ دینار ساڵانە | لەگەڵ دوو ژەم خواردن |
| ١٤ | باخچەی خۆشی | باخچە | هەولێر | ٥٠٠٠٠ دینار مانگانە | لەگەڵ دوو ژەم خواردن |
| ١٥ | باخچەی میدیا | باخچە | هەولێر | ١١٠٠٠٠٠ دینار مانگانە | لەگەڵ دوو ژەم خواردن یەک پوشاک و کتاب |
| ١٦ | باخچەی نەوا | باخچە | سلێمانی | ٨٥٠٠٠ دینار مانگانە | لەگەڵ دوو ژەم خواردن |
| ١٧ | باخچەی هانا | باخچە | سلێمانی | ٣٥٠٠٠ دینار مانگانە | لەگەڵ دوو ژەم خواردن |
| ١٨ | باخچەی خۆشی سبیستون | باخچە | سلێمانی | ٥٠٠٠٠ دینار مانگانە | لەگەڵ دوو ژەم |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | خواردن |
| ١٩ | باخچەی جریوە | باخچە | سلێمانی | ٦٥٠٠٠ دینار ساڵانە | لەگـــــەڵ دوو ژەم خواردن |
| ٢٠ | باخچەی میدیا | باخچە | دهۆك | ٩٥٠٠٠ دینار ساڵانە | لەگـــــەڵ دوو ژەم خواردن |

١. نرخی خوێندنی ساڵانە پێویستە بەدوو پشك بدرێت:-

پشکی یەکەم کە ٥٠٪ ی نرخەکەیە پێش ٢٠٠٧/٩/١٥ دەدرێت.

پشکی دووەم لە دەڕۆژی یەکەمی دەوامی وەرزی دووەم دەدرێت.

٢. نرخی مانگانە پێویستە لەسێ رۆژی یەکەمی ئەو مانگە بدرێت.

٣. هەر برە پارەیەکی تر وەرگیرا لە قوتابیان وبۆهەر مەبەستێك بێت پێویستە پێشتر ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی ئەو شارەی پێوەربگیرێت.

٤. پارە وەرگرتن پێویستە بە پسوولەی ڕەسمی بێت کە وەزارەتی پەروەردە دابینی دەکات.

٥. کارگێڕی ئەو قوتابخانە پێویستە داشکان لە نرخەکانیان بکەن بۆ منداڵە شەهید (پلە یەك) کەس‌و کاری ئەنفالکراوەکان و زیاتر لە (٢) خوشك‌وبرا.

## أ- قوتابخانەکانی سەرەتایی ئەهلی- هەولێر

| ژ | ناوی قوتابخانە | شوێنی | ناوی بەڕێوەبەر | ژ.ت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | باڵای تایبەت | زانیاری | تریسکە احسان | ٢٢٢٩٨٤٧ |
| ٢ | لیزای تایبەت | زانیار نزیك بانکی سۆران | نێرگز تیمور | ٤٧٣٣٨٨٢ |
| ٣ | میدیای تایبەت | بەختیاری پشت کۆمپانیای استقبالی تورکی | نهلەخان | ٤١٦٢٠٩٥ |
| ٤ | ئیشق | روناکی/ نزیك ئامادەیی بازرگانی کچان | | |
| ٥ | شویفات | ڕاستی/ پشت نەخۆشخانەکە | | |

## ب- باخچەکانی ئەهلی- هەولێر

| ژ | ناوی باخچەی ساوایان | شوێنی | ناوی بەڕێوەبەر | ژ.ت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی باڵا | زانیاری | تریسکە احسان | ٢٢٢٩٨٤٧ |
| ٢ | باخچەی لیزا | زانیار نزیك بانکی سۆران | نێرگز تیمور | ٤٧٣٣٨٨٢ |
| ٣ | باخچەی خۆشی | مفتی/ پشت ناوەندی بەهار | صنوبرخان | |
| ٤ | باخچەی میدیا | بەختیاری/ پشت کۆمپانیای استقبالی تورکی | نهلەخان | ٢١٦٢٠٩٥ |
| ٥ | باخچەی ئیشق | ڕۆناکی/ نزیك ئامادەیی بازرگانی کچان | | ٢٥٠٠٢٨٩ |

## ج- قوتابخانەکانی دواناوەندی ئەهلی- هەولێر

| ژ | ناوی قوتابخانە | شوێنی | ناوی بەڕێوەبەر | ژ.ت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆلیجی ئیشق | گەرەکی ئەفسەران | | |
| ٢ | کۆلیجی نیلۆفەر | گەرەکی ڕۆناکی | | |

**دانا محمد خضر**
**ب.د. نموونەیی و ئەهلی و ئێواران**
**دیوانی وەزارەتی پەروەردە**

**عارەب حمد داود**
**ب.ف. سەرەتایی**
**دیوانی وەزارەتی پەروەردە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی پەروەردە**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی دواناوەندیو پیشەییو بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی سەرەتایی**
**فۆرمی تایبەت بەدیاری کردنی نرخی خوێندن لەقوتابخانەو خوێندنگە ئەهلییەکان**
**داتانی لیژنە بە پێی فەرمانی وەزاری ٣٦٨٩ ژمارە لە ٢٠٠٧/٧/٥**

| ژ | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی قوتابخانە | هەولێر- |
| ٢ | ناونیشانی تەواو | |
| ٣ | ناوی بەڕێوبەر | |
| ٤ | ناونیشانی بەڕێوبەر<br>(ژمارەی پەیوەندیو ئیمێڵ) | |
| ٥ | ئاستی خوێندن | |
| ٦ | ژمارەی خوێنکاران | |
| ٧ | ژمارەی مامۆستایانی میلاك | |
| ٨ | ژمارەی پۆلەکانی خوێندن | |
| ٩ | جۆری پرۆگرام | |
| ١٠ | جۆری خوێندن | |
| ١١ | هۆیەکانی ساردیو گەرمی | |
| ١٢ | هۆیەکانی فێرکردن | |
| ١٣ | کەلو پەلو رایەخ | |
| ١٤ | نان خواردن | |
| ١٥ | جلو بەرگ | |
| ١٦ | ژمارەی فەرمانبەران | |
| ١٧ | هاتوچۆ | |
| ١٨ | بەروارو کاتەکانی دەوام | |
| ١٩ | ئامێرەکانی مۆسیقا | |
| ٢٠ | ئامێرەکانی وەرزش | |
| ٢١ | باڵەخانە | |
| ٢٢ | نرخی ساڵانی پێشوو | |
| ٢٣ | نرخی پێشنیارکراو بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/ ٢٠٠٨ | |

**کژاڵ جلال طاهر**
**لێپرسراوی باخچەکان/ ب.گ.پ. هەولێر**

**عبدالجبار محمد رسول**
**س. پەروەردەیی/ اب.گ.پ. هەولێر**

**جلال همزه کاکەشین**
**س.پ./اب.گ.پ. هەولێر**

**عارەب حمد داود**
**ب.خ. سەرەتایی/ وەزارەتی پەروەردە**

**دانا محمد خضر**
**ب.د. نموونەییو ئەهلیو ئێواران/ وەزارەتی پەروەردە**

**عبدالعزیز سرحان فارس**
**بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی سەرەتایی**

**برهان محمد فرج**
**بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی دواناوەندیو پیشەیی**

**حكومەتی هەرێمی كوردستان**
**وەزارەتی پەروەردە**
**بەرێوبەرایەتی گشتی فێركردنی دواناوەندیو پیشەییو بەرێوبەرایەتی گشتی خوێندنی سەرەتایی**
**فۆرمی تایبەت بەدیاری كردنی نرخی خوێندن لەقوتابخانەو خوێندنگە ئەهلییەكان**
**دانانی لیژنە بە پێی فەرمانی وەزاری ٣٦٠٨ ژمارە لە ٢٠٠٧/٧/٢**

| ژ | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی قوتابخانە | |
| ٢ | ناونیشانی تەواو | سلێمانی– |
| ٣ | ناوی بەڕێوبەر | |
| ٤ | ناونیشانی بەڕێوبەر<br>(ژمارەی پەیوەندیو ئیمێڵ) | |
| ٥ | ئاستی خوێندن | |
| ٦ | ژمارەی خوێنكاران | |
| ٧ | ژمارەی مامۆستایانی میلاك | |
| ٨ | ژمارەی پۆلەكانی خوێندن | |
| ٩ | جۆری پرۆگرام | |
| ١٠ | جۆری خوێندن | |
| ١١ | هۆیەكانی ساردیو گەرمی | |
| ١٢ | هۆیەكانی فێركردن | |
| ١٣ | كەلو پەلو ڕایەخ | |
| ١٤ | نان خواردن | |
| ١٥ | جلو بەرگ | |
| ١٦ | ژمارەی فەرمانبەران | |
| ١٧ | هاتوچۆ | |
| ١٨ | بەروارو كاتەكانی دەوام | |
| ١٩ | ئامێرەكانی مۆسیقا | |
| ٢٠ | ئامێرەكانی وەرزش | |
| ٢١ | باڵەخانە | |
| ٢٢ | نرخی ساڵانی پێشوو | |
| ٢٣ | نرخی پێشنیاركراو بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/ ٢٠٠٨ | |

**دڵخۆش عوسمان توفیق**
**س.پ. باخچەكان/ب..پ.م. سلێمانی**
**ئەندام**

**شكریە حسین رشید**
**س.پ.فیزیا.ب.پ.م. سلێمانی**
**ئەندام**

**بهروز محمود حمد**
**ل.ب. پە یمانگا ئەهلییەكان ب.گ.پ. سلێمانی**
**ئەندام**

**عارەب حمد داود**
**ب.خ.سەرەتایی/ وەزارەتی پەروەردە**
**ئەندام**

**دانا محمد خضر**
**ب.د. نموونەییو ئەهلیو ئێواران/ وەزارەتی پەروەردە**
**سەرۆكی لیژنە**

**عبدالعزیز سرحان فارس**
**بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی سەرەتایی**

**برهان محمد فرج**
**بەڕێوەبەری گشتی فێركردنی دواناوەندیو پیشەیی**

# نرخی خوێندن لە فێرگە ئەهلیەکانی بۆ ساڵی خوێندن ٢٠٠٩- ٢٠١٠

| ژ | ناو | پۆل | کۆمپانیا | نرخی خوێندن (دینار) | تێبینی | ساڵی دامەزراندن | جۆری خوێندن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی میدیا/ سلێمانی | (٤–٥) ساڵ | منظمة الخدمة العالمية الامريكية | ١٥٠٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠٦ | انگلیزی |
| ٢ | بنەڕەتی میدیا/ سلێمانی | ١+٢+٣+ ٤–٩ | منظمة الخدمة العالمية الامريكية | ١٤٠٠٠٠٠ ١٢٠٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠٠ | انگلیزی |
| ٣ | ئامادەیی میدیا/ سلێمانی | ١٠–١٢ | منظمة الخدمة العالمية الامريكية | ١٢٠٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠٥ | انگلیزی |
| ٤ | باخچەی میدیا/ هەولێر | ٤–٥ ساڵ | منظمة الخدمة العالمية الامريكية | ٢٠٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠٣ | انگلیزی |
| ٥ | بنەڕەتی میدیا/ هەولێر | ١–٥ | منظمة الخدمة العالمية الامريكية | ١٢٥٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠٥ | انگلیزی |
| ٦ | باخچەی بالاَ– دهۆك | ٤–٥ ساڵ | منظمة الخدمة العالمية الامريكية | ١٥٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠٢ | انگلیزی |
| ٧ | بنەڕەتی بالاَ– دهۆك | ١–٦ | منظمة الخدمة العالمية الامريكية | ١٢٥٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠٤ | انگلیزی |
| ٨ | باخچەی بالاَ– هەولێر | ٤–٥ ساڵ | تریسکە احسان یاسین– کوردستانی | ١٥٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ١٩٩٨ | انگلیزی |
| ٩ | بنەڕەت بالاَ– هەولێر | ١–٩ | تریسکە احسان یاسین– | ١٥٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠١ | کوردی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | کوردستانی | | | | |
| ١٠ | بنەڕەت باڵاهەولێر | ١-٩ | تریسکه احسان یاسین- کوردستانی | ٢٠٠٠٠٠ | هەمان نرخی پارەو نەگۆڕاوە | ٢٠٠٧ | کوردی |
| ١١ | کۆلیجەکانی (ئیشق/ نیلوڤەر/ سلێمانی/ سەلاحددین) | (٧) تمهیدی<br>١٠ تمهیدی<br>پۆلی (٧-٨)<br>پۆلی ٩-١٠<br>پۆلی ١١<br>پۆلی ١٢ | کۆمپانیای فەزالەری تورکی | ١٨٥٠ دۆلار<br>١٦٠٠ دۆلار<br>١٦٥٠ دۆلار<br>١٣٥٠ دۆلار<br>١٢٠٠ دۆلار<br>١١٠٠ دۆلار | ئەم نرخانە بەرێژەی ١٠٪ زیادی کردووە لەچاو نرخی پار | هەولێر ١٩٩٤و ١٩٩٦ سلێمانی ١٩٩٧و١٩٩٨ | انگلیزی |
| ١٢ | باخچەکانی ساوایان) (هەولێر+ سلێمانی) | ٤-٥ ساڵ | کۆمپانیای فەزالەری تورکی | ٢٢٥٠دۆلار | ئەم نرخانە بەرێژەی ١٠٪ زیادی کردووە لەچاو نرخی پار | | انگلیزی |
| ١٣ | بنەڕەتی فەزالەر (هەولێر+ سلێمانی) | پۆلی ١<br>پۆلی٢<br>پۆلی٣<br>پۆلی٤<br>پۆلی (٥، ٦) | کۆمپانیای فەزالەری تورکی | ٢٢٥٠ دۆلار<br>٢٢٥٠ دۆلار<br>٢١٠٠ دۆلار<br>٢٠٠٠ دۆلار<br>١٧٥٠ دۆلار | ئەم نرخانە بەرێژەی ١٠٪ زیادی کردووە لەچاو نرخی پار | | انگلیزی |

ئەنجومەنی
نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق
کوردستان – هەولێر

Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil



ژمارە: ٦٨٦/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٤

NNO:
DDATE:

---

## بۆ بەڕێز/ وەزیری بازرگانی
## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (شیرین عبدالرحمن دینۆ) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، بەنووسراو وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە، یاخود ئامادەبن لەدانیشتنێکی تەرخانکراوی پەرلەماندا وەڵام بدەنەوە.

### لەگەڵ ڕێزماندا

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ شرین عبدالرحمن دینۆ
بەڕێوبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن

| | |
|---|---|
| کورتەی بابەتەکە | |
| نەباشیا ئازوقەی هاوڵاتیان. | |
| پرسیارەکە | |
| خەلکی دەڤەرێن کوردستانو پسیارین وان ژبەر نەباشیا ئازوقەی بەتایبەتی (توچاو برنج) تێنە بەلاڤە کرن لەسەر هاوڵاتیان؟ | |

فراکسیۆن
پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
شرین عبدالرحمن دینۆ

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەو نجومەنی وەزیران**
**وەزارتی بازرگانی**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوبەرایەتی پلان دانان**
**ژمارە: ١٠٥٨**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٦/٣**

**بۆ/ پەرلەمانی کوردستان**
**ب/ وەڵام**

نووسراوتان ژمارە ٦٨٦/٣/٤ لە ٢٠٠٩/٥/١٤

سەبارەت بەپرسیاری پەرلەمانتار (شیرین عبدالرحمن دینۆ)

هاوپێچ بەراپۆرتێك وەڵامی ئەو پرسیارە دەخەینە بەردەست بەڕێزتان کە پەرلەمانتاری ناوبراو کردویەتیو بۆ زانیاری بەڕێزتان وێڕای ئەوەی کە گرێبەستی کڕینی خۆراكو دابەشکردنەکەی لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقیەوە، ئێمە لەوەزارەتی بازرگانی چەند ڕێکارو هەنگاوێکمان گرتۆتەبەر کە بۆ هەرێمی کوردستان کە پشکنین بۆ خۆراکەکان ئەنجام بدرێتو هەر خۆراکێك لە پشکنین دەرنەچێت ئەگەر لە (بەغدا)یش پشکنینی بۆ کرابێت ئێمە لەهەرێمی کوردستان دابەشی ناکەینو دەگێڕینەوە ئەگەرچی بەپێی دەستووری عێراق پشکنینو کۆنترۆڵی جۆری لەدەسەڵاتە حەسریەکانی ناوەندە.. لەهاوپێچی ئەم نوسراوەماندا وێنەی راپۆرتێك سەرجەم ئەو نووسراوانەتان بۆ دەنێرین کە ئاماژەن بۆ هەوڵو کۆششەکانی وەزارەت لەو بوارەدا.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**<u>هاوپێچ:-</u>**
**راپۆرتو نوسراوەکان**

**محمد رئووف محمد**
**وەزیری بازرگانی**
**٢٠٠٩/٦/٢**

**<u>وێنەیەوك بۆ/</u>**
**سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا.**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانی بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا.**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکان بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا.**
**نوسینگەی جەنابی وەزیر بۆئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا.**
**سکرتێری بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان... لەگەڵ ڕێزدا.**
**دۆسیەی بەراییەکان.**

**الى/ الشركة العامة لتجارة المواد الغذاية/ المركز العام/ بغداد**
**م/ المواد الغذائية**

نود اعلامكم بأن المواد التي تجهز بها محافظة السليمانية من ماديتي (الرز والشاي) ذات نوعية رديئة يتذمر المواطنون عند استلامها راجين التفضل بالعلم والاطلاع واتخاذ ما يلزم واعلامنا مع التقدير.

**عزيز ابراهيم عبدو**
**مدير عام التجارة**
**٢٠٠٧/٥/١٥**

**نسخة منه :**

**وزارة التجارة/ اقليم كوردستان/ مكتب السيد الوزير/ للتفضل بالاطلاع مع التقدير.**
**الشركة العامة لتجارة الحبوب/ المركز العام بغداد/ لنفس الغرض أعلاه مع التقدير.**
**الشركة العامة لتجارة المواد الغذائية/ السليمانية/ كتابكم ذي العدد (٧٨٢) في ٢٠٠٧/٤/٢٤.**
**المديرية العامة لتجارة الداخلية/ مع الاوليات.**
**الاضبارة العامة.**

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەو نجومەنی وەزیران**
**وەزارتی بازرگانی**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٦١٣**
**رێکەوت: ٢٠٠٧/٥/٢٠**

**الى/ وزارة التجارة مكتب السيد الوزير المحترم**
**م/ مفردات البطاقة التموينية**

نشكر وزارة التجارة الموقرة بتوفير مفردات البطاقة التموينية لمحافظات اقليم كوردستان. راجين الاخذ بنظر الاعتبار الملاحظات أدناه للصالح العام.

١. ايقاف ارسال مادة مسحوق الغسيل (تايد) الى محافظات اقليم كوردستان لوجود حيز كبير منها تكفي ألاقليم لعدة سنوات قادمة واشغالها حيز كبير من مخازن الفروع.
٢. بامكان الوزارة لوفرة المادة المذكورة اعلاه (مسحوق الغسيل) مناقلتها الى فروع ساير المحافظات.
٣. التأكيد على ارفاق شهادة المنشا لمفردات البطاقة التموينية تجنبا من ورود بعض المواد الرديئة مثل مادة الشاي.
٤. حسب الاستبيان الذي اجريت أخيراً في الاقليم تبين أن ٨٠٪ من سكان الاقليم يرفضون مادة الشاي التي غالباً ما تكون دون المستوى المطلوب من ناحية (الطعم واللون والتذوق).

**مع فائق الشكر والتقدير...**

**محمد رووف محمد**
**وزير التجارة لأقليم كوردستان**
**٢٠٠٧/٥/١٥**

**نسخة منه:/**

رئاسة مجلس الوزراء/ اقليم كوردستان/ التفضل بالعلم مع التقدير...

وزارة التجارة لأقليم كوردستان/ مكتب السيد الوزير/ التفضل بالعلم مع التقدير...

المديرية العامة للتجارة/ التجارة الداخلية/ مع الأوليات.

الاضبارة العامة.

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەو نجومەنی وەزیران**
**وەزارتی بازرگانی**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٣٧٩**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٦/٢**

**بۆ/ کۆمپانیای گشتی کەل وپەلی خۆراك/ هەولێر- سلێمانی- دهۆك**
**ب/ گشتاندن**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیانو دڵنیابوون لەو خۆراکەی کە دێتە هەرێمی کوردستان بڕیاردرا:

١. هەر خۆراکێك لەبەغداوە هات دەبێت کەوالیتی کۆنترۆلی مەرکەزی فحصی بکات.
٢. هەر خۆراکێك لە سنوورەکانی خۆمانەوە هات لەهەر جێگایەکی فەرمی حکومەتی هەرێم فحص بکرێت بەئاگاداری بەڕێز جەنابی (پارێزگار) دەتوانن هەڵوێست وەرگرن.

**بۆ جێبەجێکردنی کاری پێویست.**

**هاوپێچ:**
**یاداشتێك لەم بارەوە**

**عزیز ابراهیم عبدۆ**
**بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی**
**٢٠٠٨/٦/٢**

**وێنەیەك بۆ/**
**نوسینگەی بەڕێز/ جەنابی وەزیر/ بۆ ئاگاداریتان.... لەگەڵ ڕێزماندا.**
**کۆمپانیای گشتی بازرگانی دانەوێڵە/ هەولێر- سلێمانی- دهۆك/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە.**
**کۆمپانیای دروستکراوی دانەوێڵە/ هەولێر- سلێمانی- دهۆك/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە.**
**ب. چاودێری بازرگانی/ هەولێر- سلێمانی- دهۆك/ بۆ ئاگاداریتان.**
**ب. بازرگانی ناوخۆ/ بەڕێز/ خالد محمد/ لەگەڵ سەرەتاکان.**
**دۆسیەی گشتی.**

**بەڕێز/ بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی**
**ب/ شیر**

کۆمپانیای گشتی کەلوپەلی خۆراکی سلێمانی/ بەنووسراوتان ژمارە (١٠٦٤) لە ٢٠٠٨/٥/١٨ ئاگاداری کردینەوە بەشە شیری مندالّ هاتووە بدیع (١، ٢) بۆ مانگی چوار دابەش بکرێت بەلاّم پێش دابەشکردنی چەند نمونەیەك لەهەردوو شیرەکە ڕەوانەی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی کرا لەئەنجام دەرکەوت شیاو نیە بۆ مرۆڤ بەپێی نوسراویان ژمارە (١٤٣٣) لە ٢٠٠٨/٥/٦ بۆ مەبەستی دلّنیابوون لەم شیرە دووبارە نوسراوێکمان بەژمارە (٣١٤٥) لە ٢٠٠٨/٥/١٩ ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی کۆنترۆلّی جۆری هەولێر کرد بەنووسراویان ژمارە (٢١٨٦) لە ٢٠٠٨/٥/٢٥ ئاگاداریان کردینەوە ئەم شیرە باش نییە... کۆمپانیای خۆراکی هەولێرو سلێمانی شیرەکەیان دابەش کردووە چونکە تەندروستی دهۆك دەلّێت شیرەکە باشە ئەمەشیان کێشەیەکی گەورەیە ڕەئیتان لەم بارەیەوە..

**لەگەلّ ڕێزماندا...**

**صلاح الدين محمد خورشيد**
**ب. بازرگانی ناوخۆ**
**٢٠٠٨/٦/١**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پلاندانان**
**دەستەی گشتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری**
**ژمارە: ٢٠٢٥**
**رێکەوت: ٢٠٠٨/١٢/٢٤**

**بۆ/ بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانی/ بەڕێوبەرایەتی بازرگانی ناخۆ**
**ب/ پشکنینی چا**

ئاماژە بەنووسراوتان ژمارە/ ٩٠١٢ لەرێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/١٥ سەبارەت بەپشکنینی چای سریلانکی پاش ئەنجامدانی پشکنیەکان بۆمان دەرکەوت کە دەشێت بۆ بەکارهێنانی مرۆیی، ئەنجامی پشکنیەکان لەتاقیقە دەست دەکەوێت لەکاتی داواکردنی. ودەرباەی خاڵی دووەم، ئاگادارتان دەکەینەوە کە هیچ تاقیگەیەك نییە لەهەرێمی کوردستان بتوانێت پشکنین ئەنجام بدات نموونەی چا، یان هەر نموونەیەکی تری خۆراك بەگوێرەی مواصفاتی عێراقی.

**لەگەڵ رێزدا...**

**د. موئید قۆچی**
**سەرۆکی دەستەی گشتی پێوانە سازی و کۆنترۆلی جۆری**
**٢٠٠٨/١٢/٢٣**

**وێنەیەك بۆ/**
**وەزارەتی پلان دانا/ بەشی کارگێڕی بر زانین لەگەڵ رێزدا.**
**کاروباری کارگێڕی و دارایی.**
**ووردبین.**
**هونەری.**
**خولاو.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پلاندانان**
**دەستەی گشتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری**
**ژمارە: ٦١٣**
**رێکەوت: ٢٠٠٩/٣/٣٠**

## بۆ/ کۆمپانیای گشتی بازرگانی کەلوپەلی خۆراك/ هەولێر/ هۆبەی خۆیەتی
## ب/ ئەنجامی پشکنین

ئاماژە بەنوسراوتان ژمارە (٣٦٤) لەرێکەوتی (٢٠٠٩/٣/١٩) سەبارەت بە ئەم نموونانەی کە لەخوارەوە هاتوون پاش پشکنین بۆمان دەرکەوت مطابقة للمواصفات العراقية.

**لەگەڵ رێزدا...**

١. **چای هندی جۆری غدیر.**
٢. **چای جۆری** ( *SHAHEN SHAH* ).
٣. **شکر جۆری حلال.**
٤. **شیری گەوران جۆری بقرتین.**
٥. **شیری گەوران جۆری مدهش.**
٦. **شیری گەوران جۆری ملیغرو.**

**هاوپێچ/**
(٣) سێ وێنەی ئەنجامی پشکنین

**د. مؤید قۆچی**
**سەرۆکی دەستەی گشتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری**
**٢٠٠٩/٣/٣**

**وێنەیەك بۆ/**
وەزارەتی پلان دانان/ بەرێوبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی/ بۆ زانین.
نوسینگەی بەرێز سەرۆکی دەستە.
کاروباری کارگێری و دارایی.
بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.
کۆمەڵگای کۆگاکان/ بۆ زانین.
خولاو.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پلاندانان**
**دەستەی گشتی پێوانەسازیو کۆنترۆلی جۆری**

نوع العينة/ شاى اسود خشن
رقم الكودي/ *HC9-00149*
تاريخ الانتاج/ *2008/12*
تاريخ الفحص/*2009/3/29*
تاريخ الانتهاء/ *2010/12*
تاريخ استلام العينة/ *2009/3/24*
الدولة المنتجة/ الهند
نوع العبوة/ كيس قصدير وزن *800* غرام

**نتائج التحليل والفخص**

| ت | نوع التحليل والفحص | النسبة حسب التحليل والفحص | النسبة حسب المواصفة | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | الرطوبة | ٥,١٧٪ | لاتزيد عن ٩,٥٪ ولاتقل عن ٣,٩٪ طبيعي | مطابق للمواصفة العراقية |
| ٢ | الطعم والراحة وللون | طبيعي | طبيعي | |
| ٣ | الشاي المستنفذ | لايوجد | لايوجد | |
| ٤ | نسبة الاتربة والغبار | لاتوجد | لاتوجد | |
| ٥ | النظافة | خالي من المواد الغريبة | خالي من المواد الغريبة | |
| ٦ | السيقان | ٥٪ | لاتزيد عن ١٠٪ | |
| ٧ | الطعم الوارحة كمشروب | طبيعي | لاتوجد طعم مخالف | |
| ٨ | المواد الغريبة | خالي | خالي | |

**نتيجة التحليل والفحص/ مطابق للمواصفات العراقية رقم ١٤٤٧ لسنة ١٩٩٩**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پلاندانان**
**دەستەی گشتی پێوانەسازیو کۆنترۆلی جۆری**

نوع العينة/ شاى اسود ناعم — رقم الكودي/ *HC9-00150*

تاريخ الانتاج/ *2008/9* — تاريخ الفحص/*2009/3/29*

تاريخ الانتهاء/ *2010/9* — تاريخ استلام العينة/ *2009/3/24*

الدولة المنتجة/ الهند — نوع العبوة/ كيس قصدير وزن *200* غرام

**نتائج التحليل والفحص**

| ت | نوع التحليل والفحص | النسبة حسب التحليل والفحص | النسبة حسب المواصفة | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | الرطوبة | ٥٪ | لاتزيد عن ٩,٥٪ ولاتقل عن ٣,٩٪ طبيعي | مطابق للمواصفة العراقية |
| ٢ | الطعم والراحة وللون | طبيعي | طبيعي | |
| ٣ | الشاي المستنفذ | لايوجد | لايوجد | |
| ٤ | نسبة الاتربة والغبار | خالي | خالي | |
| ٥ | النظافة | خالي من المواد الغريبة | خالي من المواد الغريبة | |
| ٦ | السيقان | ٣٪ | ١٠٪ كحد اعلى | |
| ٧ | الطعم الوارحة كمشروب | طبيعي | لايوجد طعم مخالف | |
| | | | | |

**نتيجة التحليل والفحص/ مطابق للمواصفات العراقية رقم ١٤٤٧ لسنة ١٩٩٩**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پلاندانان**
**دەستەی گشتی پێوانەسازیو کۆنترۆلی جۆری**

نوع العينة/ سكر
رقم الكودي/ ***HC9-00151***

تاريخ الانتاج/ ***2008/7***
تاريخ الفحص/***2009/3/29***

تاريخ الانتهاء/ ***2010/7***
تاريخ استلام النماذج/ ***2009/3/24***

نوع العبوة/ كيس بلاستيك مع نايلون داخلي وزن ***50*** غرام
الدولة المنتجة/ الامارات العربية المتحدة

## نتائج التحليل والفحص

| ت | نوع التحليل والفحص | النسبة حسب التحليل والفحص | النسبة حسب المواصفة | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شكل البلوري | بلوري متكتل قليلاً | بلوري متكتل | مطابق للمواصفة القياسية |
| ٢ | الروائح | عديم الراحة | عديم الراحة | مطابقة |
| ٣ | الطعم في الحالة الجافة والمحول | خالياً من اي طعم مخالف للطعم الحلو | خالياً من اي طعم مخالف للطعم الحلو | مطابقة |
| ٤ | المواد الغريبة والحشرات وفضلاتها | خالي | خالي | مطابقة |
| ٥ | حجم البلورات | ١,٠٠مم | من ٠,٢١٢ الى ١,٧٠٠ | مطابقة |
| ٦ | لون المحلول السكري | رائق | رائق خالي من العكارة والشوائب | |

**نتيجة التحليل والفحص/ مطابق للمواصفات العراقية رقم ١٩٨٥/٣٦**

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی بازرگانی**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانی**
**بەڕێوبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٤٦٥**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٤/٢٢**

## بۆ/ کۆمپانیای گشتی کەلوپەلی خۆراکی/ سلێمانی
## ب/ برنجی خراپ

نووسراوتان ژمارە (٦١٥) لە ٢٠٠٩/٢/٢٦ لەسەر بڕیاری بەڕێز جەنابی وەزیر پابەندی ئەم خاڵانەی لای خوارەوەبن:

١. برنج یان هەر خۆراکێکی خراپ نابێت دابەش بکرێتو پاش دابەش کردنیش ئەگەر دەرکەوت خراپ بوو دەبێت کۆبکرێتەوە.
٢. برنجی ناو فەردە بەڕێوبەرو بەرپرسی کۆگا لێ بەرپرسن چونکە بەتەن وەردەگیرێت بە فەردە دابەش دەکرێت دەبێت نقصی برنج لەفەردە زیادەکان پڕ بکرێتەوە.
٣. هەر بەڕێوبەرێك سەرپێچی بکات سزا دەدرێت.

**عزیز ابراهیم عبدۆ**
**بەڕێوبەری گشتی بازرگانی**
**٢٠٠٩/٤/٢٢**

**وێنەیەك بۆ/**

**وەزارەتی بازرگانی/ نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزماندا.**
**سایلۆی/ هەولێر- سلێمانی- دهۆك/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە.. تکایە.**
**کۆمپانیای خۆراکی/ هەولێر- دهۆك/ بۆ هە تمان مەبەستی سەرەوە.**
**ب. چاودێری بازرگانی/ هەولێر- سلێمانی- دهۆك/ بۆ ئاگاداریتان.**
**کۆمپانیای دروستکراوی دانەوێڵە/ هەولێر- سلێمانی- دهۆك/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە.**
**ب. بازرگانی ناوخۆ/ لەگەڵ سەرەتاکان.**
**دۆسیەی گشتی.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پلاندانان**
**دەستەی گشتی پێوانەسازیو کۆنترۆلی جۆری**
**ژمارە : ٥٩٩**
**رێکەوت: ٢٠٠٩/٣/٢٦**

**بۆ/ بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانی/ بەڕێوبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ**
**ب/ ئەنجامی پشکنین**

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٢٤٠٩) لەرێکەوتی (٢٠٠٩/٣/١٦) سەبارەت بەدوو نموونەی برنج (ڤێتنامیو تایلەندی) بۆمان دەکەوت مطابقة للمواصفات العراقیة في درجة الثانیة.

**لەگەڵ رێزدا...**

**هاوپێچ:/**
**دوو وێنەی ئەنجامی پشکنین**

**د. موئید قۆجی**
**سەرۆکی دەستەی گشتی پێوانەسازیو کۆنترۆلی جۆری**
**٢٠٠٩/٣/٢٦**

**وێنەیەك بۆ/**
وەزارەتی پلان دانا/ بەڕێوبەرایتی گشتی کارگێرشیو دارایی/ بۆ زانین .
وەزارەتی بازرگانی.
کۆمپانیای گشتی بازرگانی کەلوپەلی خۆراك/ سلێمانی.
بەڕێوبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ/ لەگەڵ رێزدا.
هونەری/ بەشی کیمیا.
نوسینگەی سەرۆکی دەستە.
کاروباری کارگێڕیو دارایی.
خولاو.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پلاندانان**
**دەستەی گشتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری**

نوع العينة/ رز تايلندي — رقم التحليل/ *HP9-00145-1*

تاريخ الانتاج/ *2008/8* — تاريخ الفحص/ *2009/3/26*

تاريخ النفاذ/ *2009/12* — تاريخ استلام النماذج/ *2009/3/26*

الدولة المنتجة/ تايلند — نوع العبوة/ كيس نايلون *50* غرام

**نتائج التحليل والفخص**

| ت | نوع التحليل والفحص | النسبة حسب التحليل والفحص | النسبة حسب المواصفة | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | الرطبة | ١٢٪ | ١٤٪ لاتزيد عن | مطابق للمواصفة القياسية |
| ٢ | الشوائب | ٠,٢٪ | ١٪ تزيد عن | |
| ٣ | الشلب | ٠,١٪ | ٠,٥٪ لايزيد عن | |
| ٤ | حبوب متضررة | ٣٪ | ٦٪ لاتزيد عن | |
| ٥ | حبوب تباشرية | ٤,٥٪ | ١٢٪ لاتزيد عن | |
| ٦ | الكسرة | ١٠٪ | لاتزيد عن ٣٠٪ | |
| ٧ | الحشرة حية او ميتة | لايوجد حشرة ميتة وبقايا متخلفات قوارض | خالى من الحشرات الحية والميتة | |
| ٨ | الروائح | لايوجد رائحة | خالي من الروائح | |
| ٩ | الحبوب الحمراء | ٠,٥٪ | ١٢٪ لايزيد عن | |
| ١٠ | التجانس | متجانسة | يكون متجانسة | |
| ١١ | العفن الظاهر | لايوجد | لايوجد | |
| ١٢ | المواد الغريبة | ٠,٢٪ | ١٪ لاتزيد | |

**نتيجة التحليل والفحص/ مطابق للمواصفات العراقية رقم ١٣٤٣ لسنة ١٩٩٩ لدرجة الثانية.**

**حكومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئه نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پلاندانان**
**دەستەی گشتی پێوانەسازیو کۆنترۆلی جۆری**

نوع العينة/ رز فيتنامي
رقم التحليل/ *HP9-00145-2*

تاريخ الانتاج/ *2008/12*
تاريخ الفحص/*2009/3/26*

تاريخ الانتهاء/ *2009/12*
تاريخ استلام النماذج/ *2009/3/26*

الدولة المنتجة/ فيتنام
نوع العبوة/ كيس نايلون *50* غرام

**نتائج التحليل والفحص**

| ت | نوع التحليل والفحص | النسبة حسب التحليل والفحص | النسبة حسب المواصفة | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | الرطبة | ١٣٪ | ١٤٪ لاتزيد عن | مطابق للمواصفة القياسية |
| ٢ | الشوائب | ٠,٣٪ | ١٪ تزيد عن | |
| ٣ | الشلب | ٠,١٪ | ٠,٥٪ لايزيد عن | |
| ٤ | حبوب متضررة | ٣٪ | ٦٪ لاتزيد عن | |
| ٥ | حبوب تباشرية | ٨٪ | ١٢٪ لاتزيد عن | |
| ٦ | الكسرة | ٦٪ | لاتزيد عن ٣٠٪ | |
| ٧ | الحشرة حية او ميتة | لايوجد حشرة ميتة وبقايا متخلفات قوارض | خالى من الحشرات الحية والميتة | |
| ٨ | الروائح | لايوجد رائحة | خالي من الروائح | |
| ٩ | الحبوب الحمراء | ٢,٥٪ | ١٢٪ لايزيد عن | |
| ١٠ | التجانس | متجانسة | يكون متجانسة | |
| ١١ | العفن الظاهر | لايوجد | لايوجد | |
| ١٢ | المواد الغريبة | ٢٪ | ١٪ لاتزيد | |

**نتيجة التحليل والفحص/ مطابق للمواصفات العراقية رقم ١٣٤٣ لسنة ١٩٩٩ لدرجة الثانية.**

# ڕاپۆرت سەبارەت
# بەدابەش کردنی خۆراك

ئەو خۆراکەی دابەش دەکرێتە سەر هاوڵاتیان لەهەرێمی کوردستان گرێ بەستی لەلایەن وەزارەتی بازرگانی بەغدا مۆر دەکرێت وەزارەتی بازرگانی هەرێم هیچ دەورێکی نییە لەدابین کردنی. بەڵکو ئاگاداری بەغدامان کردوە لەخراپی ئەو کاڵایانە (چایو برنج) بەدوو نووسراومان ژمارە (٢٦٠٣) لە ٢٠٠٩/٥/١٧ و (٢٦١٣) لە ٢٠٠٧/٥/٢٠.

ئەم خۆراکەش لەسەر ئاستی عێراق دابەش دەکرێت جۆرەکەی خراپە. بەڵام لە پشکنینی تەندروستی دەرچووەو هیچ خۆراکێك لەهەرێم دابەش ناکرێت گەر ڕێگا پێدانی لەبەغدا نەهاتبێت. سەرەڕای ئەوەش کۆمپانیاکی سەر بە وەزارەتمان هەرسێ پارێزگا ئاگادار کراون بە نوسراوی بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانی ژمارە (٣٣٧٩) لە ٢٠٠٩/٦/٢ نموونەی هەموو خۆراکێك بنێردرێ بۆ کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری سەر بە وەزارەتی پلان دانان بەر لەدابەش کردنی.

ئەو بڕە چایەی کە دابەش کراوە پشکنینی کۆنترۆڵی جۆری بۆ کراوە بەپێی نوسراویان ژمارە (٢٠٢٥) لە ٢٠٠٨/١٢/٢٤ وە ژمارەی (٦١٣) لە ٢٠٠٩/٣/٣٠ لە پشکنین دەرچووە بڕی (٣٠٠٠) تەن چای لە کۆگاکانی خۆراکی هەولێر گەڕاوەتەوە بەغدا لەبەر خراپیو بڕی (١٤٩) تەن ماوە ئەویش بەسەر چووە چاوەڕێی لیژنەی بەغدا دەکرێت بۆ لەنابردنی. لەم ماوەیە بڕی (٩٣) تەن چای هاتووە لەناو کیسی بچووك لەکێش (٢٥٠- ٥٠٠) غرام لەو بڕە (١٥- تاکو ١٧) تەن لە پشکنین دەرنەچووە.

سەبارەت بە برنج بەنووسراوی بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانی ژمارە (٣٤٦٥) لە ٢٠٠٩/٤/٢٢ بڕیاری گۆڕینی ئەو برنجە خراپە دراوە.

(٣) جۆرە برنجمان بۆ هاتووە (ڤێتنامی تایلندیو ئەمریکی) برنجی (ڤێتنامیو تایلندی) هەرچەندە جۆرەکەی خراپە بەڵام دەرچوون لە پشکنین بەنووسراوی دەستەی گشتی پێوانەسازیو کۆنترۆلی جۆری ژمارە (٥٩٩) لە ٢٠٠٠/٣/٢٦ وە برنجی ئەمریکی زۆر باشەو خەڵك لێی ڕازین.

ئەنجومەنی
نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق
کوردستان – هەولێر
ژمارە: ١٩٤/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٩/٢/٥



Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil
NNO:
DDATE:

## بۆ بەڕێز/ وەزیری شارەوانی
## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ئارێز عبدالله احمد) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە لەماوەی (١٥) پازدە رۆژدا لەرۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان لەدانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ ئاریَز عبدالله احمد
بەڕێوبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن

| کورتەی بابەتەکە | |
|---|---|
| بەپێی نەخشەو پلانی نوێ کردنەوەو فراوانکردنی شاری هەولێر مەترسی هەیە هەندێ شوێنی مێژوویی‌و شوێنەواری گرنگ لەناو بچن یان لەناو ببرێن، وەك گردە مێژووییەکان‌و بازاڕی قەیسەی ناو شارو گەڕەکە کۆنەکان.. بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە گرنگە پرسیار دەکەم... | |
| پرسیارەکە | |
| ئایا لە جێبەجێکردنی نەخشەی نوێی شاری هەولێر پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان چ لەناو سەنتەرو چ لەدەرەوەی لەبەرچاو گیراوە؟ | |

فراکسیۆن
یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
ئارێز عبدالله احمد

Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil
NNO:
DDATE:



ئەنجومەنی
نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق
کوردستان – هەولێر
کاروباری ئەنجومەن
ژمارە: ٤٢٧/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٩/٣/١٥

---

## بۆ/ بەڕێز عبدالله احمد ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان
## بابەت/ وەڵامی پرسیار

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەك لە نووسراوی وەزارەتی شارەوانیتان بۆ دەنێرین. کە تایبەتە بەوەڵامی پرسیاری جەنابتان.

**لەگەڵ ڕێزدا.**

**هاوپێچ/**
**وێنەیەك لە وەڵامی وەزارەتی شارەوانی.**

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

**وێنەیەك بۆ/**
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن.

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی شارەوانی**
**نووسینگەی تایبەت**
**ژمارە : ٢٥**
**رێکەوت: ٢٠٠٩/٢/١٢**

**بۆ / ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق**
**بابەت/ پرسیار**

نوسراوی بەرێزتان ژمارە (١٩٤/٣/٤ لە ٢٠٠٩/٢/٥)

بۆ وەلامی ئەو پرسیارەی لە نوسراوەکەدا هاتووە ئەم روون کردنەوە دەخەینە بەر دەستی بەرێزتان:

لە کاتی دانانی ماستەر پلانی شاری هەولێر بە هەردوو بەشیەوە کە سەنتەرو دەرەوەی سەنتەری شاردەگریتەوە، شوینەوارە میژوویەکان بەووردی لەبەر چاو گیراوەوە لە قوناغەکانی دانانی ماستەر پلان گشت لایەنە پەیوەندارەکان بەشداریان کردووە لە ریکخستنی ئەو ماستەر پلانە بە تایبەتی بەریوەبەرایەتی شوینەواری هەولێر کە نوینەریان بە بەردەوامی بەشدار بووە لەو پرۆسەیە و شوینەوارەکان زۆر بەباشی پاریزراوە لەناو ماستەر پلانەکەوە ئیمە دوای دانان و پەسەند کردنی ماستەر پلانیش زەوی بۆ هەر پرۆژە دەکەین لاری نەبوونی بەریوەبەرایەتی شوینەواری هەولێر بەدەست بینیت بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە و بیگومان ئیمە پاراستنی شوینەوارەکان بە یەکیك لە ئەرکە گرنگەکانی وەزارەتمان دەزانین.

**لەگەڵ رێزدا.**

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیـــــری شـــارەوانی**
**١٢ / ٢٠٠٩/٢**

**وێنەیەك//**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان..بۆ زانین..لەگەڵ رێزدا.**
**نوسینگەی تایبەت.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی گەشتو گوزار**

**نوسینگەی تایبەت**

**ژمارە: ١٤**

**رێکەوت: ٢٠٠٩/٢/١٦**

**بۆ/ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ب/ پرسیار**

نوسراوتان ژمارە ١٩٢/٣/٤ لە ٢٠٠٩/٢/٥

بۆ مەبەستی ناوەرۆکی نوسراوی سەرەوەتان بە هاوپێچ تەواوی ئەو زانیاریانەتان بۆ دەنێرین کە لە بەردەستدان.

**لەگەڵ رێزماندا**

**هاوپێچ:**

- **لیستی زانیاری**
- **راپۆرتی مانگانە**
- **لیستی خانووە کەلتوریەکان**
- **نوسراوی وەزارەتی رۆشنبیری (٨٣٧/٧/١) لە ٢٠٠٦/٦/١٥**
- **نوسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار (٣٣٣/١/٨) لە ٢٠٠٦/٤/١٩**
- ***CD* وێنەی خانووە کەلتووریەکان.**
- ***CD* ماستەرو پلانی ناو شاری هەولێر.**

**نەمرود بیتۆ یوخەنا**

**وەزیری گەشتو گوزار**

**وێنەیەك بۆ:**

**بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار/ نوسراوتان ٢٦١/٨/١ لە ٢٠٠٩/٢/١٥ بۆ زانین تکایە.**

## لیستی زانیاریەکان

لیژنەیەکی وەزاری بە پێی نوسراوی ژمارە (٨٣٧/٧/١) لە بەرواری (٢٠٠٦/٢/١٥* کە ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی کراوە بۆ دەست نیشانکردنی شوێنە کەلتوریو شوێنەواریەکان.

**یەکەم:** لە کۆبوونەوەی یەکەم وەکو رێنمایی بڕیاردرا کە لە کاتی دروست کردنی باڵەخانە ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت.

شەقامی بازنەیی بن قەلآت تاکو ئەم شوێنانەی خوارەوە:

١. قەلآت – فلکەی شێخ محمود.
٢. قەلآت – فلکەی شێخ مصطفی.
٣. قەلآت – چواریانی شێخ عبدالکریم.
٤. قەلآت – فلکەی بازاری نیشتمان.
٥. قەلآت – فلکەی پارێزگای هەولێر.

باڵەخانەکان لە (١٢,٥م) بەرزتر نەبێ وە لەو شوێنانە تاکو (٣٠مەتری) لە دوای ئەو شوێنانە (١٨,٥م) بەرزتر نەبێت، بۆ ئەوەی لە شەقامە سەرەکیەکانی هەولێرو دەرەوەی هەولێر سیمای قەلآت بزر نەبێت.

هەروەها لە کۆنفراسی ٢٠٠٤ی قەلآ ئەم بڕیارە دراوە لە کۆنفراسی یەکەمی پەرەپێدانی هەولێر.

**دووەم:** دەربارەی دەست نیشانکردنی شوێنە کەلتوریەکان جگە لە قەلآت ئەم شوێنانە لە خۆ دەگرێت:–

**گەرەکەکان:**

١. خانەقا.
٢. تەعجیل.
٣. عەرەب.
٤. قەیسەری.

نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار کە بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار بوو بەڕێز (کنعان رشاد موفتی) هەروەها نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە ئاڕاستەی وەزارەتی شارەوانی کراوە بە نوسراوی (٣٣٣) لە ٢٠٠٦/٤/١٩ بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندنی خانووە کەلتوریو شوێنەواریەکان لەم شوێنانەی سەرەوە کە بەڕێزان (جەمال جمیل أسعد) و (نیهایت عبدالله محمد).

## ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی

ئاماژە بە نوسراوی ژمارە (٣٣٣) لە ٢٠٠٦/٤/١٩ بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ دەستمان بەکارکردن کرد بە دوو شێواز بۆ دیاری کردنی خانووە کەلتوریەکانو شوێنە شوێنەواریەکان کە دەکەونە ناو سەنتەری شار وەکو گەرەکەکانی (تەحجیل- خانەقا- عەرەب) کە سنوری کارکردنمان بوو کە بۆمان دیاری کرابوو لەلایەن پارێزگاو شەریکەی دار هندەسەی لبنانی وەك ماستەر پلانی سەنتەری شاری هەولێر.

بە دوو تەوەرە کارەکانمان دەست پێکرد بەم شێوەیە:-

١. دیاری کردنی ئەو خانوانەی وەك کەلتور دەست نیشان دەکرێت لەگەڵ مزگەوتو بازاڕی قەیسەریو کلێسەو گۆڕستانەکان گشت ئەم شوێنانەی کە بە شوێنەوار دادەنرێن بە پێی یاسای شوێنەواری لە نێو نەخشەی بنەرەتی ناو شاری هەولێر بەبێ دەسکاری کردنو وەدەبێ نۆژەن بکرێنەوە.
٢. بەشێوەی نەخشە کارمان کرد وەکو سنورێك بۆ پاراستنی گەرەکە کەلتوریەکان کە لە نەخشەی هاوپێچ دیاری کراوە کە سەرجەم خانوەکان دەبێت بپارێزرێت لەگەڵ بازاڕی قەیسەری لە نەخشەی بنەرەتی ناو شاری هەولێر.

هەروەها بەهاوبەشی هەندێ خاڵمان لەناو ماستەر پلان ناو شار دیاری کرد وەك ئەم خالآنە:

١. نابێ هیچ باڵەخانەیەك لە (١٢,٥م) بەرزتر بێت کە سیمای قەلآت بزربکات لە تەوەرە سەرەکیەکانی ناو شار.
٢. دەبێت سەرجەم گەرەکە کەلتوریەکان وەك خۆی نۆژەن بکرێتەوەو بپارێزرێت بۆ دیاری کردنی گرنگی مێژووی شارەکەمان وە مێژووی بیناسازی شارەکە بە درێژایی قۆناغەکان.
٣. هەر باڵەخانەیەك دروست بکرێت دەبێت شێوازەکەی بگونجێت لەگەڵ سیمای قەلآت، باڵەخانەکان لەکەرپووچ دروست بکرێتو دەرگاو پەرنجەرەکانی بە شێوەی کەوانەیی بێت.
٤. هەر شوێنێك کە نەخشەی بنەرەتی لەناو شاری هەولێر کاری تێدا بکات دەبێت نوێنەری شوێنەوار ئامادە بێت بۆ ئەوەی گەر شتێك بەرچاو بکەوێت وە جێی گومان بێ دەست بەجێ دەبێت کارەکە ڕابگیرێتو هەڵکۆڵینی شوێنەواری تێدا بکرێت.

لە کۆتایدا سەرجەم ئەم خالآنە لە نەخشەی بنەڕەتی ناو شاری هەولێر دیاری کراو بایەخێکی زۆریش بە پاراستنی شوێنەواریەکان درا دوای چەند جار گۆڕانکاری کردن لە ناوەڕۆکی ماستەر پلانی ناو شار لەگەڵ شەریکەی دارهندسی لبنانی ......لەگەڵ ڕێزماندا

**نیهایت عبدالله محمد**
**شوێنەوار ناس**

**جەمال جمیل أسعد**
**لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیوخۆیەتی**

ژمارە: ٨٣٧/٧/١

رێکەوت: ٢٠٠٦/٢/١٥

## بۆ/ وەزارەتی شارەوانی

## بابەت/ پێکهێنانی لیژنە

بۆ رێکخستنو پەرەپێدانی لیژنەی (پەرەپێدانی سەنتەری شاری هەولێر) لیژنەیەك پێك بێت بۆ دەست نیشان کردنی خانووە کلتوریەکانو شوێنەوارەکانی ناو شاری هەولێر بۆ پاراستنی لە کاتی پەرەپێدانی نەخشەی بنەڕەتی شار تکایە بە پەلە نوێنەرتان دەست نیشان بکەن بۆ ئەم لیژنەیە بە هاوکاری (بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار).

١) وەزارەتی رۆشنبیری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار.

٢) وەزارەتی شارەوانی – ئەندام.

٣) وەزارەتی ئەوقاف – ئەندام.

٤) نوێنەری پارێزگای هەولێر – ئەندام.

٥) لیژنەی بالآی پەرەپێدانی سەنتەری شاری هەولێر – ئەندام.

**سامی شۆڕش**

**وەزیری رۆشنبیری**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** — **ژمارە: ٣٣٣/١/٨**

**وەزارەتی رۆشنبیری** — **رێکەوت: ٢٠٠٦/٤/١٩**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار** — **تەلەفۆن: ٢٢٢٠٣٦٨**

**پشکنین**

**بۆ/ وەزارەتی شارەوانی/ لێکۆڵینەوە**

**ب/ نوێنەر**

بۆ هاوکاری کردنتان بۆ پەرەپێدانی شاری هەولێر لەلایەن (دار الهندسة) تکایە نوێنەرمان ئەم دوو فەرمانبەرانەی خوارەوە بۆ هەماهەنگ کردن لەگەڵ لیژنەتان، تکایە لە لیژنەی بەردەوام دابنرێت وەکو نوێنەری ئێمە.

١. جمال جميل أسعد — شوێنەوارناس

٢. نیهایت عبدالله محمد — لێکۆڵینەوەری پێشکەوتوو

**کنعان موفتی**

**بەڕێوەبەری گشتی**

# ڕوو پێوکردنی خانووە کەلتوریەکانی گەڕەکی خانەقا

| ژ | ناوی خاوەن خانووەکان | ژمارەی خانووەکان |
|---|---|---|
| ١ | حاجی مظفر (برای حاکم نەوازاد) | ١٥٥/١/٥٥ |
| ٢ | محمد صالح | ٦٢٥/٢/٥ |
| ٣ | محمد داود سلێمان | ٦٠٤/٢/٥ |
| ٤ | حاجی مظفر/ أحمد سراج | ٨٦/٢/٥ |
| ٥ | حاجی مظفر | ٨٨/٢/٥ |
| ٦ | رعد ملا پارۆ | ٩١/٢/٥ |
| ٧ | جلال خليل | ١٠٣/٢/٥ |
| ٨ | مصطفى سليم | ١٨٣/٢/٥ |
| ٩ | كافيه محمد رۆستم | ١٧٨/٢/٥ |
| ١٠ | مزگەوتی ملا هاشم | |
| ١١ | كريم گه عمر | ١٦٤/٢/٥ |
| ١٢ | موئيد پير داود | ١٣٧/٢/٥ |
| ١٣ | حاجی شريف عطاء | ٤٤٥/٢/٥ |
| ١٤ | حاجی شريف عطاء | ٤٤٤/٢/٥ |
| ١٥ | حاجی شريف عطاء | ٤٤٣/٢/٥ |
| ١٦ | حمام على | |
| ١٧ | حاجی عبدالله شريت فرۆش | ٤٤٦/٢/٥ |
| ١٨ | شێخ مصطفى ابى بكر نەقشبەندی | ٦٣٣/٣/١٥ |
| ١٩ | مرقد امام على الخامس | |
| ٢٠ | حاجی مظفر | ٩٩/٢/٥ |

## ڕوو پێوکردنی خانووە کەلتوریەکانی گەرەکی تەعجیل

| ژ | ناوی خاوەن خانووەکان | ژمارەی خانووەکان (کارەبا) |
|---|---|---|
| ١ | أحمد محمود حلمی | ٢٦١/٢/٤٠ |
| ٢ | مصطفی علی اسماعیل | ١٠٩/٢/٤٠ |
| ٣ | بدیعه قادر أحمد | ١١١/٢/٤٠ |
| ٤ | مزگەوتی ملا عابید | مزگەوت |
| ٥ | یونس قادر عمر | ٦١/٢/٤٠ |
| ٦ | سید سرهنگ | ١٠٠/٢/٤٠ |
| ٧ | یونس قادر عمر | ١٠١/٢/٢٠ |
| ٨ | یونس قادر عمر | ٦٠/٢/٤٠ |
| ٩ | یونس قادر عمر | ٥٩/٢/٤٠ |
| ١٠ | اسماعیل حمد امین، شێخ محمد کماس حاجی جوزلی فتاح | ٤٠/٢/٤٠ |
| ١١ | اسماعیل حمد أمین خضر | ٤٤/٢/٤٠ |
| ١٢ | مصطفی خضر صالح | ٣٧٢/٣/٤٠ |
| ١٣ | طاهر بکر | ٣٧٣/٣/٤٠ |
| ١٤ | حاجی عمر قادر | ٦٨/٣/٤٠ |
| ١٥ | سامان جمیل | ٣٧٤/٣/٤٠ |
| ١٦ | حیدر مولود | ٣٨٠/٣/٤٠ |
| ١٧ | فخریه محمد علی | ٣٧٦/٣/٤٠ |
| ١٨ | حاجی معروف سلیم | ٣٤٧/٣/٤٠ |
| ١٩ | طلعت شریف | ١٤٨/٢/٤٥ |
| ٢٠ | حسیبه جلیل | ٣٨٢/٣/٤٠ |
| ٢١ | کمال | ٣٦١/٢/٤٥ |
| ٢٢ | امام سعدون | مرقد |
| ٢٣ | بدریه (خێزانی خسرو جمباز) | ٣٥٩/٢/٤٥ |
| ٢٤ | لایقه خورشید عبدالله | ١٥٣/٢/٤٥ |
| ٢٥ | لوقمان اسماعیل علی، نخشین حسین عەولا | ١٥٩/٢/٤٥ |
| ٢٦ | ناهده | ١٦٠/٢/٤٥ |
| ٢٧ | هدیه عزیز | ١٥٥/٢/٤٥ |
| ٢٨ | وریا | ١٦١/٢/٤٥ |
| ٢٩ | سلطان بهجت رشید | ١٦٢/٢/٤٥ |
| ٣٠ | جمال کریم | ١٦٧/٢/٤٥ |
| ٣١ | ازاد کاکل | ٣٠٦/٢/٤٥ |
| ٣٢ | امام زندی | مرقد |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٣ | خسرو عثمان | ٤٨٢/٢/٤٥ |
| ٣٤ | زعيم على / كوثر عثمان | ٦٥٢/٢/٤٥ |
| ٣٥ | كوپر عثمان | ٦٥٧/٢/٤٥ |
| ٣٦ | فريدون عثمان | ٦٠٩/٢/٤٥ |
| ٣٧ | فريدون عثمان | ٦٥١/٢/٤٥ |
| ٣٨ | ليلى خان / حاكم امين | ٤٨٢/٢/٤٥ |
| ٣٩ | مولود قصاب | ٤٠٨/٢/٤٥ |
| ٤٠ | خسرو | ٦٥٥/٢/٤٥ |
| ٤١ | خسرو عپمان جامباز | ٤١٥/٢/٤٥ |
| ٤٢ | حاجى سعد | ٤٥٠/٢/٤٥ |
| ٤٣ | قوتابخانەی هەولێری تایبەت | مدرسه اربيل اولى |
| ٤٤ | تحسين شريف | ٥١/١/٤٠ |
| ٤٥ | صديق | ٤٦/١/٤٠ |
| ٤٦ | اومر احمد | ٤٠/١/٤٠ |
| ٤٧ | جوهر سيده باشا | ٥٥/١/٤٠ |
| ٤٨ | حاجى محمد حاجى عبدالله | ٢١٢/١/٤٥ |
| ٤٩ | عبدالفتاح عبدالرزاق | ٥٥٢/١/٤٥ |
| ٥٠ | حاجى بلال عزيز | ٥٣/١/٤٠ |
| ٥١ | حاجى غريب | ٥٢/١/٤٠ |
| ٥٢ | سردار جميل افندى | ١٥٨/١/٤٥ |
| ٥٣ | تكيه سيد جلال سيد نجم الدين | تكيه |
| ٥٤ | مزگەوتی سيد مفتى | مسجد |
| ٥٥ | حاجى جمال | ١٣٦/١/٤٥ |
| ٥٦ | شارەوانی | ٥٦/١/٤٥ |
| ٥٧ | غريب حمد على حكيم | ٥٨/١/٤٥ |
| ٥٨ | مزگەوتی شێخ نوردين بريفكانى | مسجد |

## ڕووپێوکردنی خانووە کەلتوریەکانی گەڕەکی عەرەب

| ژ | ناوی خاوەن خانوو | ژمارەی خانوو (کارەبا) |
|---|---|---|
| ١ | گوڵ بکر صالح | ٥٠/١/٤٧٤ |
| ٢ | بەشێك لە مزکەوتی شێخ محی الدین شێخ صالح بەرزنجی لای ڕۆژهەلآت | دەکەوێتە لای تاپۆ ١٠٤ تکیە صالحیە ١٠٦ |
| ٣ | حاجی عبدالله عثمان | ٥٠/٢/٢٩٦ تاپۆ ١٠٠ |
| ٤ | ادریس عبدالله رشید | |
| ٥ | عثمان بارزانی | ٣/٢٦ |
| ٦ | سردار نجار | ٥٠/٢/٣١٥ |
| ٧ | محمد دەرار | ٥٠/١/٢٦٦ |
| ٨ | سید عمر | ٥٠/١/٢٥٨ |
| ٩ | خالید یاسین محمد | ٥٠/١/٢٨٥ |
| ١٠ | دکتۆر سویل نجار | ٥٠/١/١٧٢ |
| ١١ | عبداللطیف | ٥٠/١/١٦٩ |
| ١٢ | الکنیە قلب بصوع أقدس + خانوەکە | |
| ١٣ | سید محمود | ٥٠/١/١٨٤ |
| ١٤ | سیروان کبابچی | ٥٠/٢/١٧١ |
| ١٥ | شارەوانی | رقم تاپۆ ١٥/٢٤ ٥٠/٢/٥٤٦ |
| ١٦ | أحمد ئاغا | ٥٦٦/٢/٥٠ |
| ١٧ | قشلەی سواری | |
| ١٨ | احسان تحسین | ٥٩٢/٢/٥٠ |
| ١٩ | قادر حمد أمین | |
| ٢٠ | حلیم کارسول | ٩٧١/٢/٥٠ |
| ٢١ | صالح یونس | ٥٩٦/٢/٥٠ |
| ٢٢ | سلیم کارسول | ٥٩٥/٢/٥٠ |
| ٢٣ | خاوەنی دیار نیە | ٥٩٧/٢/٥٠ |
| ٢٤ | شمس | ٥٩٨/٢/٥٠ |
| ٢٥ | کریم واحد خیات قصاب | ٥٩٩/٢/٥٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦ | حاجی اکرم عزت | ٦٠١/٢/٥٠ |
| ٢٧ | خاوەنی دیار نیه | ٦٠٥/٢/٥٠ |
| ٢٨ | علی | ٦٠٦/٢/٥٠ |
| ٢٩ | حسن بنا | ٦٠٧/٢/٥٠ |
| ٣٠ | شێخ محی الدین | ٦١٢/٢/٥٠ |
| ٣١ | حاجی جمال فتاح | ٩٤/١٩ رقم تاپۆ ٦٠٩/٢/٥٠ |
| ٣٢ | جمال فتاح | ٦٠٨/٢/٥٠ |
| ٣٣ | سید محمد سعید | ١٨/٣/٥٠ |
| ٣٤ | عزیز چلبی | ٤١/٣/٥٠ |
| ٣٥ | حاجی فتاح شنۆ | ٦٢٦/٢/٥٠ |
| ٣٦ | جلال رشید أحمد | ٦٣٠/٢/٥٠ |
| ٣٧ | جلال رشید أحمد | ٣/٥٠ |
| ٣٨ | حاجی نجم الدین نوری | ٦٣٦/٢/٥٠ |
| ٣٩ | أسعد چلبی | ٩٦٨/٢/٥٠ |
| ٤٠ | حاجی انور بقال | ٩٦٢/٢/٥٠ |
| ٤١ | موفق حاجی واحد | ٩٦٣/٢/٥٠ |
| ٤٢ | حاجی جاسم بقال | ٥٣/٢/٥٠ |
| ٤٣ | دلشاد. خاوەنی حلویات صفار | ٥٠/٢/٥٠ |

Kurdistan Parliament Iraqi

Kurdistan- Erbil

NNO:

DDATE:



ئەنجومەنی

نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق

کوردستان – هەولێر

ژمارە: ٧٣٨/٣/٤

بەروار: ٢٠٠٧/٦/٢٤

## بۆ بەڕێز/ وەزیری کشتوکاڵ

## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (محمد حکیم جبار) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە لەماوەی (١٥) پازدە رۆژدا لەرۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان لەدانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/

سکرتاریەتیە ئەنجومەن

بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان

بەڕێز/ محمد حکیم جبار

| | |
|---|---|
| کورتەی بابەتەکە | |
| لایەنە پێوەندیدارەکان لەهەرێمدا، پێشتر رێگەیان دەدا بەهێنانی گۆشتی مریشکی بیانی بۆ ئەوەی پێداویستی ناوخۆ پڕبکەنەوە، وێڕای بوونی بەروبوومی مریشکی خۆماڵی، بەڵام هێنانی گۆشتی مریشکی بیانی قەدەغە کرا، ئەم قەدەغەیەش لە لایەکەوە نرخی ئەو گۆشتە بەرز دەکاتەوەو، لەلایەکی دیکەوە باری گوزەرانی سەرشانی هاووڵاتیان قورستر دەکات. | |
| پرسیارەکە | |
| هۆی چییە کە هێنانی گۆشتی مریشکی بەرازیلی قەدەغە کراوە؟ | |

ئەندامی پەرلەمان

محمد حکیم جەبار

لیست/ کۆمەڵ

Kurdistan Parliament Iraqi

Kurdistan- Erbil



ئەنجومەنی

نیشتیمانیی كوردستانی-عێراق

كوردستان – هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی كاروباری ئەنجومەن

NNO:

DDATE:

ژمارە: ٨٧٠/٣/٤

بەروار: ٢٠٠٧/٧/١٧

---

**بۆ / پەرلەمانتار بەڕێز محمد حكیم**

**ب/ وەڵام**

هاوپێچ وەڵامی وەزارەتی كشتوكاڵتان لەسەر ئەو پرسیارە بۆ دەنێرین كە بەنووسراومان ژمارە (٧٣٧) لە ٢٠٠٧/٦/٢٤ ئاراستەی وەزارەتی ناوبراومان كردبوو.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**هاوپێچ**

وەڵامی وەزارەتی كشتوكاڵ.

**فرست احمد عبدالله**

**سكرتێری ئە نجومەنی نیشتمانیی**

**كوردستان- عێراق**

**وێنەیەك بۆ/**

**نووسینگەی بەڕێز سەرۆكی ئە نجومەن.**

**نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆكی ئە نجومەن.**

**نووسینگەی بەڕێز سكرتێری ئە نجومەن.**

**بەڕێوبەرایەتی كاروباری ئە نجومەن.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی کستوکاڵ**
**بەڕێوبەرایەتی سامانی ئاژەڵ و بەیتەرە**
**بەڕێوبەرایەتی سامانی ئاژەڵ**
**ژمارە: ٦٩٣٨**
**رێکەوت: ٢٠٠٧/٧/٥**

**بۆ/ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**
**ب/ وەڵام**

نووسراوتان ژمارە (٧٣٨/٣/٤) لە ٢٠٠٧/٦/٢٤ دەربارەی پرسیاری ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (محمد حکیم جبار) ئەمەی خوارەوە روون دەکەینەوە:

١. بۆ پاراستنی بەرهەمی پڕۆژەکانی پەلەوەری ناوەخۆو بۆ بەردەوام بوونیان لەکارکردن‌و بەرهەم هێنان لەلایەك‌و دابین کردنی بری پێداویستی هاووڵاتیان لەو بەرهەمانەو راگرتنی هاوسەنگی بە نووسراومان ژمارە (٤٨٩) لە ٢٠٠٧/١/٢٢ ئاگاداری سەرجەم پارێزگاکانی کوردستانمان کردۆتەوە بۆ پێك هێنانی لیژنەیەکی تایبەت لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دیاری کردنی پێداویستی مانگانەی پارێزگاکان لە بەروبوومەکانی ئاژەڵی (گۆشتی مریشك، گۆشی ئاژەڵ، هێلکە،... هتد) بەلەبەرچاوگرتنی بەرهەمی پڕۆژەکانی پەلەوەری ناوخۆ (چونکە برێکی زۆر لەمریشکی بەستوی خۆماڵی لە کۆگاکانی سەربرخانەکان عەمبار کراون‌و سەرف نابن).

٢. لەکاتی سەرهەڵدانی هەرنەخۆشیەکی کوشندەی سنووربەزێن لە پەلەوەر بۆیمان هەیە هاوردنی بەروبوومەکان بۆ ناوەوەی هەرێم قەدەغە بکەین، بەشێوەیەکی کاتی بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان‌و تاکو ئەو ووڵاتە لەو نەخۆشیە پاك دەبێتەوەو دوای ٩٠ رۆژ لە پاك بوونەوەکە راپۆرتی کۆتایی خۆی دەداتە رێکخراوی تەندروستی ئاژەڵی نێودەڵەتی (*OIE*) ئەویش پەسەندی دەکات ئینجا رێگا دەدرێت بەدەرچوونی بەربوومی ئاژەڵی لەو ووڵاتە، بەڕێزتان ئاگادارن کە نەخۆشی ئەنفلوەنزای باڵندە یەکێکە لەو نەخۆشیانەو ووڵاتی تورکیاس ساڵانە ئەو نەخۆشیەی تێدا سەرهەڵ دەدات کە نابێت ئەو بەرهەمە بەناویشی دابڕوات. بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.

**عبدالعزیز طیب**
**وەزیری کشتوکاڵ**
**٢٠٠٧/٧/٥**

**وینەیەك بۆ/**
**نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی پلان دانان‌و بەدواداچوونەوە/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا...**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ‌و بەیتەرە/ ب. سامانی ئاژەڵ/ لەگەڵ بەراییەکان.**

Kurdistan Parliament Iraqi

Kurdistan- Erbil

NNO:

DDATE:



ئەنجومەنی

نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق

کوردستان – هەولێر

ژمارە: ٦٩٠/٣/٤

بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٤

## بۆ بەڕێز/ سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (کوێستان محمد عبدالله) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، بەنووسراو وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە، یاخود ئامادەبن لەدانیشتنێکی تەرخانکراوی پەرلەماندا وەڵام بدەنەوە.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ کویَستان محمد عبدالله
بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان

| کورتەی بابەتەکە | |
|---|---|
| پەرلەمانی کوردستان چەند یاسایەکی گرنگی دەرکردووە پەیوەندیان بەژیان گوزەرانی خەڵکەوە هەیەو تا ئێستا لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ نەکراون. | |
| پرسیارەکە | |
| کۆمەڵێك یاسا لەپەرلەمان دەرچوون وەك (دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، دیوانی چاودێری، خانەنشین، ئیمتیازی پێشمەرگەو کەم ئەندام) هۆکاری جێبەجێنەبوونی ئەو یاسایانە چییە؟ | |

فراکسیۆن
یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
کوێستان محمد عبدالله

ئەنجومەنی
نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق
کوردستان – هەولێر
کاروباری ئە نجومەن
ژمارە: ٩٣٦/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢



Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil

NNO:
DDATE:

---

**بۆ / بەڕێز کوێستان محمد عبدالله ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ وەڵامی پرسیار**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەك لە نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆتان دەنێرین کە تایبەتە بەوەڵامی پرسیاری جەنابتان.

**هاوپێچ/**

وێنەیەك لە وەڵامی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**وێنەیەك بۆ/**

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەن/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئە نجومەن/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری ئە نجومەن/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئە نجومەن.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**سکرتاریەتی ئەنجومەن**
**ژمارە: ٦٥١٦**
**رێکەوت: ٢٠٠٩/٦/٢١**

**بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**
**ب/ پرسیار**

نووسراوی ژمارە (٦٩٠) تان لە ٢٠٠٩/٥/١٤.

**یەکەم:**

١- حکومەتی هەرێم چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێی دروست کردووە یا دەعمی دەکات لە پارێزگاکان و چەند قەزاو ناحیەیێك بۆ نموونە لە شاری هەولێر (١٥٤١) شقەی نیشتەجێ دابەش کراوە.

٢- دەستەی وەبەرهێنان تاکو مایسی ٢٠٠٩ مۆلەتی نیشتەجێبونی داوە کە سندوقی نیشتەجێ دەیان گرێتەوە ژمارەیان (١٣,٧٨٩) یەکەیە بە سەرمایەی (٦٧١,٢٩٤,٥٤٤) دۆلار بەو شێوەیەی خوارەوە:

هەولێر (٩٠٠)یەکەیە.

سلێمانی (٧,٧٣٠)یەکەیە(سلێمانی ، چەمچەمال، رانیە ، هەلەبجەی شەهید، دەربەندیخان ، کفری).

دهۆك (٩٠٠) یەکەیە (دهۆك ، سێمێل).

**دووەم:**

دەربارەی خانەنشین و ئیمتیازاتی پێشمەرگەو کەم ئەندام

لای هەمووسان ئاشکرایە بودجەی هەرێم بە گشتی بە شێوەیەکی اصولی بەرێوە ناچێت و تەمویلەکەی زۆر بە نارێکی جێبەجێ دەکرێت و باری مووچەی پێشمەرگە لەگەڵ دەسەڵاتی فیدرال کێشەی زۆر لە سەرەو جگە لەوەی تخصیصاتی پێشمەرگە تا ئێستا حەسم نەبووەو یەکلا نەبۆتەوە و بە شێوەیەکی دروست لە لایەن دەسەڵاتی فیدرال مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە ئەوەش وای کردووە هەندێ لە جێبەجێ کردن هێوری تێدا بکرێت تا کێشەکانبە تەواوی یەکلا دەکرێتەوە.

**سێیەم:**

دیوانی چاودێری سەر بە حکومەت نییە بەلکو بە پێی مادده(٣) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ سەر بە پەرلەمانەو دامەزراندنی سەرۆکەکەش بە پێی مادده (٥)ی هەمان یاسا دەبێت.

**لەگەڵ رێزدا..**

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وێنەیەك بۆ/**

- سکرتاریەتی ئەنجومەن.

**ئەنجومەنی**

**نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق**

**کوردستان – هەولێر**

ژمارە: ١٣٣٣/٣/٤

بەروار: ٢٠٠٧/١١/٧



**Kurdistan Parliament Iraqi**

**Kurdistan- Erbil**

**NNO:**

**DDATE:**

---

## بۆ بەڕێز/ وەزیری دارایی

## ب/ پرسیار

**بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سۆزان شهاب نوری) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لەرۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان لەدانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.**

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/

سکرتاریەتیە ئەنجومەن

بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان

بەڕێز/ سۆزان شهاب نوری

| | |
|---|---|
| کورتەی بابەتەکە | |
| وەك هەمووومان دەزانین کە لەعێراق لەساڵی ٢٠٠٥ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دامەزرا بۆ یارمەتی دانی خێزانی بێکار تاوەکو دەخرێنە سەر کار، لەمانگی ٢٠٠٥/١٢ دوو جار پارەکە ڕاستەوخۆ دراوەتە وەزارەتی کار بەڵام لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان خراوەتە سەر بودجەی ١٧٪ هەرێمی کوردستاتن، بەڵام نەساڵی ٢٠٠٦و نەساڵی ٢٠٠٧ ئەم پارەیە باسی لێکراوەو نەدابەش کراوە. | |
| پرسیارەکە | |
| ١- ئەگەر بڕە پارەکە خراوەتە سەر بودجە بۆ لەکاتی باسکردنی بودجە باس نەکرا؟<br>٢- بۆچی ئەو کەسانەی ناونووس کراون تەنها ٢ جار پارەیان وەرگرتووە ئەی ٢ ساڵەکەی تر چی لیچهات؟ | |

فراکسیۆن

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان

سۆزان شهاب نوری

**هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی دارایی**
**نووسینگەی تایبەت**
**ژمارە: ٥٩٩**
**بەروار: ٢٠٠٧/١١/٢٧**

**بۆ/ زۆر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**
**ب/ وەڵامی پرسیار**

**ڕێزو سڵاو...**

نووسراوتان ژمارە (١٣٣٣) لە ٢٠٠٧/١١/٧-

بۆ ئاگاداری جەنابتان لەو ماوەیەدا بەئیشو کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەغدا بووین بۆیە بە گەیشتنی نووسراوی بەڕێزتانو بەهەماهەنگی هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان وەڵامی پرسیاری بەڕێز خاتوو (سۆزان شهاب نوری) ئامادەمان کردووە کە بەهاوپێچ عرضی جەنابتان دەکەین. هیوادارین جێگەی ڕەزامەندی بەڕێزتان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بێت.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**سرکیس اغاجان مامندو**
**وەزیری دارایی**

**وێنەیەك بۆ/**

**وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی/ بۆ ئاگاداری بەڕێزتان تکایە.**

**دەرچوو.**

١. دەستنیشانکردنی جۆری خەرجییەکانی حاکمە یان کەم کردنو زیادکردنەوەیان لەبوجەدەی گشتی عێراق دا لە دەسەلاتی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییەو تەنانەت وەزارەتی دارایی عێراقیش ئەم جۆرە خەرجیانە لەسەر رێنماییەکانی صندوقی نەقدی دولی دیاریان دەکات.

**خشتەی خوارەوە جۆری خەرجییەکانی حاکمە لەبودجەی گشتی عێراق پیشان ئەدات:**

| سالّی ٢٠٠٥ | سالّی ٢٠٠٦ | سالّی ٢٠٠٧ |
|---|---|---|
| پسوولەی خۆراک | پسوولەی خۆراک | پسوولەی خۆراک |
| پشتیوانی لەجوتیاران | پشتیوانی لەجوتیاران | پشتیوانی لەجوتیاران |
| حەج | حەج | حەج |
| هەلگرتنەوەی مین | | |
| دەستەی داواکاری موڵکایەتی | دەستەی داواکاری موڵکایەتی | دەستەی داواکاری موڵکایەتی |
| هاوردنی وزەی کارەبا | هاوردنی وزەی کارەبا | هاوردنی وزەی کارەبا |
| هاوردنی سوتەمەنی | هاوردنی سوتەمەنی | هاوردنی سوتەمەنی |
| داوو دەرمان | داوو دەرمان | داوو دەرمان |
| خەرجییەکانی هەڵبژاردن | خەرجییەکانی هەڵبژاردن | |
| موچەی چاودێری خێزان | | |
| | سەرژمێری دانیشتوان | سەرژمێری دانیشتوان |
| | هاوردنی سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا | هاوردنی سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا |

**رێژەی (١٧٪) ی هەرێم لەبری تەرخانکراوەکانیش بەم شێوەیە بووە:**

| بابەت | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ |
|---|---|---|---|
| پسوولەی خۆراک | ١,٠٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٧٦٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٦٦٧,٧٦٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| پشتیوانی جوتیاران | ٥١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٥١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | -- |
| حەج | ٧,٦٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٧,٦٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٠,٠٩٨,٠٠٠,٠٠٠ |
| هەلگرتنەوەی مین | ٥,١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | -- | -- |
| دەستەی داواکاری | ٥٤,٧٤٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٧٦,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٥١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مولّکایەتی | | | |
| هاوردنی وزەی کارەبا | ٧٦,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٥١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٦٤,٣٢٦,٥٠٠,٠٠٠ |
| هاوردنی سووتەمەنی | ٦١٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٦٥٣,٦٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | -- |
| داوو دەرمان | ١٤٧,٣٩٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٤٧,٣٩٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٢٣,٨٠٧,٦٠٠,٠٠٠ |
| خەرجیەکانی هەڵبژردن | ٤٧,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٤٧,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | -- |
| مووچەی چاودێری خێزان | ٧,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | -- | -- |
| سەرژمێری دانشتوان | -- | ٨,١٠٨,٠٠٠,٠٠٠ | ٢٢,١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| هاوردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا | -- | ٤١,٦٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣٥,١٩٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی بەدینار | ٢,٠٢٩,٦٣٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١,٨٤٩,٥٤٨,٠٠٠,٠٠٠ | ٩٧٤,٢٩٢,١٠٠,٠٠٠ |

هەروەکو لە خشتەکانی سەرەوە دیاری کراوە گۆڕانکاری لە خەرجیەکانی حاکمە بەم شێوەیە بووە:

أ- پشتیوانی لە جوتیاران لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ نەماوە.

ب- هەڵگرتنەوەی مین لە بودجەی ساڵەکانی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ هەڵگیراوە.

ج- کرینی سوتەمەنی لە بودجەی ٢٠٠٧ نەماوە.

د- خەرجیەکانی هەڵبژاردن لەبەر نەبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن راگیراوە.

هـ- مووچەی چاودێری خێزان لە بودجەکانی ساڵی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ نەماوە.

٢. بەپێی یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵی، پێویستە خەرجیەکانی حاکمە بهەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکانتی فیدڕاڵی لەبەغداو وەزارەتە هاوچەشنەکانیان لەهەرێمی کوردستان خەرج بکرێت.

٣. لەبودجەی ساڵی (٢٠٠٥) و لەخەرجیەکانی حاکمە بڕی (٤٥) ملیار دینار بەرامبەر بە (٣٠) ملۆن دۆلار بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەعێراق دانراوە لەم مەبلەغە بڕی (٧) ملیارو (٦٥٠) ملیۆن دینار بەرامبەر (٥) ملیۆنو (١٠٠) هەزار دۆلار رێژەی (١٧٪)ی هەرێمی کوردستان بووە. ئەم تەرخانکراوەش حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ راستەوخۆ جێبەجێی کردووە لە پارێزگاکانی عێراق بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، ومووچەی لەرێگای بانکی مەرکەزی عێراقەوە ناردووە بۆ وەزارەتی کاروکاروباری

کۆمەڵایەتی‌و لەلایەن وەزارەتی ناوبراو خەرج کراوە. واتە ئەم برە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان نەبووە.

٤. لەبودجەی پەسندکراوی ساڵی (٢٠٠٧)ی دارایی تەنیا (١٠٠) ملیۆن دینار بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵاتی دانراوە. کە هاوپێچ وێنەی بودجەکان بۆتان دەنێرین.

٥. لەبودجەی پەسند کراوی ساڵی (٢٠٠٧)ی دارایی کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز پەسندکراوە بڕی (٤٨) ملیاردو (٥٦٠) ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی کاروو کاروباری کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە کەچی بڕی پەسندکراوی سودی کۆمەڵایەتی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدڕاڵی (٢٠) ملیار دینار بووە بۆ ساڵی (٢٠٧).

٦. ئەو بودجەیەی کە حکومەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکات کە مارەکانی دێتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی‌و بەپێی پێویست دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە لەبودجەی ساڵی (٢٠٠٧)دا عیَارق بڕی (١) ترلیۆن‌و (٨٠٠) ملیار دیناری بۆ مووچەی فەرمانبەران‌و خانەنشینان دایناوە کەچی پێویستی هەرێمی کوردستان (٣) ملیار دینارە.

**لەخوارەوە خشتەی تەرخانکراوەکان لەعێراق‌و گۆڕانکاریان لەبودجەی پەسندکراوی پەرلەمان پێشکەش دەکەین:**

| وردەکاری | تەرخانکراوی لەعێراق | پەسندکراوی لەپەرلەمانی هەرێم |
|---|---|---|
| قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەران‌و مووچەی خانەنشین | ١,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣,٠٣٢,٩٧٤,٠٠٠,٠٠٠ |
| کارلاو خزمەتگوزاری‌و پارێزگاری | ٢٧٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٩١٠,٢٤٧,٠٠٠,٠٠٠ |
| سوود | -- | -- |
| باروبوو | ٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٦٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| مینحە | ٣٥٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣٢٢,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| سوودی کۆمەڵایەتی | ٤٢٩,١٧٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٤٩,٥٤٩,٠٠٠,٠٠٠ |
| خەرجیی تر | ٧٧٧,١٨٦,٠٠٠,٠٠٠ | ٥٨٩,٥٨٤,٠٠٠,٠٠٠ |
| موجوداتی غەیرە دارایی | ١٨٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٤٨١,١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| بودجەی ئیستثماری | ١,٩٦٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٢,٢٨٥,٥٥٦,٠٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی بەدینار | ٥,٩٨٢,٣٥٦,٠٠٠,٠٠٠ | ٧,٨٤٧,٦٦٠,٠٠٠,٠٠٠ |

٧. حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا پەیرەوی لەو خەملێنراوانە دەکات کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی بەڕێز لەبودجەی هەرێمدا پەسند دەکرێن.

٨. ئەگەر بڕیارێك لەلایەن پەرلەمانی کوردستان یان حکومەتی هەرێم لەسەر ئەم بابەتە دەربچێت ئەوکات وەزارەتی دارایی پابەند دەبێ بەجێبەجێکردنی.

| بودجەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایتی (٢٠٠٦) | الباب | ١٢ |
|---|---|---|
| | القسم | ١٢ |
| الفصل | العنوان | الاعتماد المتفق عليها لسنة ٢٠٠٦ (الف دينار) |
| ١ | نفقات الموظفين | ١٧٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢ | المستلزمات الخدمية | ٦٣,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٣ | المستلزمات السلعية | ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٤ | صيانة الموجودات | ٤٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٥ | النفقات الرأسمالية | ٣٥,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٦ | النفقات التحويلية | ****** |
| ٧ | الرواتب والمكافات التقاعدية | .٥٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| | المجموع | ٦١٦٨,٠٠٠,٠٠٠ |

تێبینی/ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایتی لەسەر (النفقات تحويليه) خەرج دەکرێت کەوەك لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە هیچیان بۆ دانەنراوە.

**حكومة اقليم كوردستان- اربيل**

**وزارة العمل والشؤون الاجتماعية**

## جدول على مستوى الفصول/ ٢٠٠٦

| ت | المفردات | مليون دينار |
|---|---|---|
| ١ | نفقات الموظفين | ٢٣٠٣٠ |
| ٢ | المستلزمات الخدمية | ١٤٢٦ |
| ٣ | المستلزمات السلعية | ٢٦٤٥ |
| ٤ | صيانة الموجودات | ١٢٥٠ |
| ٥ | النفقات الرأسمالية | ٧٦٦ |
| ٦ | النفقات التحولية | ١٠٠ |
| ٧ | الالتزامات الخارجية | |
| ٨ | المشاريع الاستثمارية | ١٣٠٠٠ |
| ٩ | الرواتب والمكافات التقاعدية | ٣٠٥٠٠ |
| | المجموع | ٧٢٧١٧ |

## الموازنة الجارية لسنة ٢٠٠٧

على مستوى الفصول/ وزارة العمل الشؤون الاجتماعية المبالغ بالملايين باب ١٢

| ت | العنوان | المصرف الفعلي ٢٠٠٦/١٢/٣١ | مقترح من قبل الدائرة ٢٠٠٧ | متفق وزارة المالية لسنة ٢٠٠٧ | عدد الميلاكات للسنة الحالية ٢٠٠٦ | عدد الميلاكات المقترحة لغرض التعيين ٢٠٠٧ | مجموع عدد الميلاكات ٢٠٠٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تعويضات الموظفين | ١٦٢٣٧ | ٣٢٧١٩ | ١٨٠٠٠ | ٣٥١٠ | ٢٠٠ | ٣٧١٠ |
| ٢ | السلع والخدمات والصيانة | ٣٧٩٣ | ٢١٢٨٢ | ٧٦٤٠ | | | |
| ٣ | الفوائد | | | | | | |
| ٤ | الاعانات | | | | | | |
| ٥ | المنح | | | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | المنافع الاجتماعية | ٣٣٩٤٨ | ٥٧٧١٧ | ٤٨٥٦٠ | | | |
| ٧ | المصروفات الاخرى | ١٦٠ | ١٦٣٣ | ٣٨٧ | | | |
| ٨ | الموجودات غير المالية | ٢٥٦٦ | ٢١٥٤٤ | ٦٦٢٥ | | | |
| ٩ | المشاريع الرأسمالية (الخطة) | | | | | | |
| | المجموع | ٥٦٧٠٤ | ١٣٤٨٩٥ | ٨١٢٠٣ | ٣٥١٠ | ٢٠٠ | ٣٧١٠ |

## وزارة العمل والشؤون الاجتماعية
## النفقات

| ت | المفردات | تخصيصات سنة ٢٠٠٧ | | تقديرات سنة ٢٠٠٨ | | نسبة النمو ٪ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | المصدقة (١) | المنقحة (٢) | المقترحة (٣) | المتفق عليها (٤) | ٤/١ | ٤/٢ |
| ١ | مجموع النفقات التشغيلية | ١٠٨٠٣٢,٢ | ١٠٨١٢٩,٦٦٧ | ١٢١٢٧٦,٤٤ | ١١٢٠٩٢,٤٤ | ٣,٨ | ٣,٧ |
| | تعويضات | ٤٢٣٧٤,٢ | ٤٢٥٢١,٦٦٧ | ٥٢١٥٣,٤٤ | ٥١٥١٥,٤٤ | ٢١,٦ | ٢١,٢ |
| | السلع والخدمات | ٣٣٢٠٠ | ٣٢٩١٧ | ٣٥١٣٧ | ٢٨٧٤١ | -١٣,٤ | -١٢,٧ |
| | الفوائد | | | | | | |
| | الاعانات | | | | | | |
| | المنح | | | | | | |
| | المنافع الاجتماعية | ٢٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ | ٠,٠ | ٠,٠ |
| | المصروفات الاخرى | ١٤٥٨ | ١٥١٦ | ١٠١١ | ٩٦١ | -٣٤,١ | -٣٦,٦ |
| | الموجودات | ١٠٠٠٠ | ١٠١٧٥ | ١٢٢٢٥ | ١٠١٢٥ | ١,٣ | -٠,٥ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | غير المالية | | | | | | |
| | الرواتب والمكافأت التقاعدية | ١٠٠٠ | ١٠٠٠ | ٧٥٠ | ٧٥٠ | –٢٥,٠ | –٢٥,٠ |
| ٢ | المشاريع الرأسمالية (الاستثمارية) | ١٤١٠٠٠ | ١٤١٠٠٠ | ٢٥٠٠٠ | ٢٠٥٠٠ | –٨٥,٥ | –٨٥,٥ |
| ٣ | الاجمالي (١+٢) | ٢٤٩٠٣٢,٢٠٠ | ٢٤٩١٢٩,٦٦٧ | ١٤٦٢٧٦٠٤٠٠ | ١٣٢٥٩٢,٤٤٠ | – ٤٦,٨ | – ٤٦,٨ |

## الايرادات

| ت | المفردات | فعلي لسنة/ ٢٠٠٦ (١) | مخطط لسنة/ ٢٠٠٧ (٢) | مخطط/ لسنة ٢٠٠٨ (٣) | نسبة النمو ٪ ٣/١ | ٣/٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | الضرائب | ١٩٤,٥ | ٤٣ | ٥١٤ | ١٦٤,٣ | ١٠٩٥,٣ |
| ٢ | المساهمات الاجتماعية | | | | | |
| ٣ | المنح | | | | | |
| ٤ | الايرادات الاخرى بضمنها مبيعات النفط | ١٢٤٤,١ | ١٢٨٣٢,٣ | ٢٣٦٨٣,٢ | ١٨٠٣,٦ | ٨٤,٦ |
| ٥ | بيع الموجودات غير المالية | | | | | |
| | الاجمالي (١+٢+ .. +٥) | ١٤٣٨,٦ | ١٢٨٧٥,٣ | ٢٤١٩٧,٢ | ١٥٨٢,٠ | ٨٧,٩ |

ئەنجومەنی
نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق
کوردستان – هەولێر
ژمارە: ٥٥٥/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٨/١١/١٢



Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil
NNO:
DDATE:

## بۆ بەڕێز/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (نازناز محمد عبدالقادر) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە لەماوەی (١٥) پازدە رۆژدا لەرۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان لەدانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

لەگەڵ ڕێزماندا

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ نازناز محمد عبدالقادر

| کورتەی بابەتەکە | |
|---|---|
| پێشل کرای یاسایی‌و ئیداری لەفەرمانی وەزاری لەلایەن (د. ئیدریس هادی) وەزیری خوێندنی باڵا دەرچووە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١/١٠، ژمارە (٣٩١/٢) فەرمانەکە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی موچەی بەڕێز (م. اسامە رشید سلیمان) بەڕێوەبەری کاروباری دارایی لەسەر میلاکی دیوانی وەزارەت هاتووە کە زۆر بەزەقی دوو پێشێلکاری یاسایی تێدا دەبینرێ. | |
| پرسیارەکە | |
| | ١- گۆڕینی مووچەکە لە (١٠٤٨٠٠٠) بۆ (١١٤٨٠٠٠) واتە بەرزکردنەوەی (٥) پلەی وەزیفی بەیەکجار کە ئەمەش خەرقێکی گەورەی قانونییە!!<br>٢- لە کتابەکە ئاماژە کراوە کە ناوبراو هەم لەسەر دیوانی وەزارەت‌و هەم لەسەر زانکۆی سەلاحەددین میلاکە!! کە ئەمەش غەیری قانونییە!!؟ |

فراکسیۆن
پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
نازناز محمد عبدالقادر

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**یاسایی**
**ژمارە: ٥/ ٣٢٣**
**رێکەوت: ٢٠٠٩/٦/١٦**

**بۆ/ پەرلەمانی کوردستان- عێراق/ هەولێر**
**ب/ وەڵام**

سڵاوو رێز..

نووسراوتان ژمارە (٣/٤/٥٥٥) لە (٢٠٠٩/٤/١٢)، تایبەت بە پرسیارەکانتان بۆ بەرێزتان ئەم خاڵانەی خوارەوە روون دەکەینەوە:

لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بەپێی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (ن/ ١٦٣) لە ٢٠٠٩/٤/١٤ پێك هێنرا سەبارەت بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانو هەروەك لەراپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە کە وێنەیەکی هاوپێچە، هیچ پلەیەك بۆ (م. اسامە رشید/ بەڕێوەبەری دارایی لە وەزارەتەکەمان) بەرز نەکراوەتەوەو جیاوازی هەیە لەنێوان پلەو پایە (پلە= درجە بەڵام پایە= مرتبە) ، بۆ زانیاری بەرێزتان

**لەگەڵ رێزماندا..**

**هاوپێچ/**

**فەرمانی وەزاری ژمارە (١٤٩ لە ٢٠٠٦/٧/١)/ فەرمانی زانکۆیی (١٠١٦٨/٢/٤) لە ٢٠٠٦/٧/١١.**

**رێنمایی دارایی ژمارە (٤٤)**

**وەڵامی لیژنەی پێکهێنراو بەپێی فرەمانی سەرەوە.**

**د. ادریس هادی صالح**
**وەزیری خوێندنی باڵاو تێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەك بۆ/**

**نووسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر ئاماژە بە پەراوێزی جەنابی وەزیر/ لەگەڵ رێزدا.**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ ب. گ. کارگێری و دارایی/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدل.**

**یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان.**

**دەرکردە، خولاو.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی**

**بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی**

**ژمارە: ١٤٩**

**رێکەوت: ٢٠٠٦/٧/١**

**فەرمانی وەزاری**

**ب/ راسپاردن**

بڕیاردرا بەراسپاردنی بەڕێز (اسامە رشید سلیمان) مامۆستای یاریدەدەر/ لەزانکۆی سەلاحەددین/ کۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابوورییە ئەرکی بەڕێوەبەری کاروباری دارایی لەوەزارەتمان/ دیوان سەرەڕای کاری سەرەکی خۆی لە زانکۆ ناوبراو لەرێکەوتی دەرچوونی ئەم فەرمانە.

**د. ادریس هادی صالح**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەك بۆ/**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێو وەزیر/ لەگەڵ رێزدا.**

**گشت زانکۆکانی هەرێم/ لەگەڵ رێزدا.**

**دەستەی فێرکردنی تەکنیکی/ لەگەڵ رێزدا.**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی و خۆیەتی/ لەگەڵ رێزدا.**

**خۆیەتی.**

**کارگێڕی.**

**دارایی.**

**دەرکردە.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر**
**بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی**
**ژمارە: ١٠١٦٨/٢/٤**
**رێکەوت: ٢٠٠٦/٧/١١**

## فەرمانی زانکۆیی
## ب/ راسپاردن

پاڵپشت بەفەرمانی وەزارەی/ وەزارەتی خوێندنی باڵاوو توێژینەوەی زانستی/ بەڕێوەبەرایتی گشتی کارگێڕیو داراییو بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی ژمارە ١٤٩ لە ٢٠٠٦/٧/١.

بڕیاردرا بە راسپاردنی بەڕێز (اسامە رشید سلیمان) مامۆستای یاریدەردەر لە کۆلیژی بەڕێوەبردنو ئابووری لە زانکۆکەمان بە ئەرکی بەڕێوەبەری کاروباری دارایی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ دیوان سەرەڕای کاری خۆی لەرێکەوتی دەرچوونی ئەم فەرمانە.

**د. محمد صدیق محمد**
**سەرۆکی زانکۆ**

**وێنەیەك بۆ/**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ فەرمانی سەرەوەتان/ بۆزانین/ لەگەڵ رێزدا.**
**نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ لەگەڵ رێزماندا**
**نووسینگەی بەڕێزان هەرسێ یاریدەدەانی سەرۆکی زانکۆ/ لەگەڵ رێزماندا.**
**گشت کۆلیژو بەڕێوەبەرایەتیەکانی زانکۆ/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزماندا**
**خۆیەتی.**
**کارگێڕی.**
**دارایی.**
**دەرکردە.**
**ووردین**
**میلاك**
**ناوبراو**
**دووسیەی کەسی/ لەگەڵ بەراییەکان**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی میلاکات**
**ژمارە: ٣٩١**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٩/١/١٠**

## فەرمانی وەزاری

بڕیاردرا:

بە گۆڕینی مووچەی بەڕێز(م. أسامه رشيد سلمان) بەڕێوەبەری کاروباری دارایی لەسەر میلاکی دیوانی وەزارەتەکەمان وە مامۆستای یاریدەدەر لەسەر میلاکی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر/کۆلیژی بەریوەبردن و ئابووری لە (١,٠٤٨,٠٠٠)یەك ملیۆن و چل و هەشت هەزار دینار بۆ (١,١٤٨,٠٠٠) یەك ملیۆن و سەدو چل و هەشت هەزار دینار لە ڕێکەوتی شایستەبوونی.

**د. ادريس هادی صالح**
**وەزیری خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەك بۆ/**
- **نووسینگەی بەرێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.**
- **بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ لەگەڵ ڕێزدا.**
- **وەزارەتی دارایی / ب.گ.دیوان/ ب. میلاگات/بۆ کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.**
- **سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر/بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.**
- **کۆلیژی کارگێری و ئابووری/ هەولێر/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.**
- **بەرێوەبەرایەتی گە نجینەی هەولێر/ دەستەی هاوبەش/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.**
- **بەرێوەبەرایەتی میلاکات/ لەگەڵ سەرەتاکان/دارایی/خۆیەتی/کارگێری.**
- **دۆسیەی کەسی/ لەگەڵ سەرەتاکان.**

Kurdistan Parliament Iraqi

Kurdistan- Erbil

NNO:

DDATE:



ئەنجومەنی

نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق

کوردستان – هەولێر

ژمارە: ١٣٨٠/٣/٤

بەروار: ٢٠٠٨/١١/١٢

## بۆ بەڕێز/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (نازناز محمد عبدالقادر) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە لەماوەی (١٥) پازدە رۆژدا لەرۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان لەدانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئه نجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ نازناز محمد عبدالقادر

| کورتەی بابەتەکە | |
|---|---|
| کۆلێژی پەروەردەی سۆران سەر بەزانکۆی سەلاحەدین، بەبێ گەرانەوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆو وەزراەتی خوێندنی باڵا، ٣ بەش لەئێواران دەکەنەوە بەشێوەی ئەهلیو ساڵانتە ملیۆنێك دینار لە قوتابی وەردەگرنو دەست بەکاردەبن، لەساڵی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ی خوێندن، دوای یەك ساڵو نێو خوێندن وەزیر بەئاگا دێ لەکردنەوەی ئەم کۆلیژە بەشێوەی نایاسایو دایدەخاتو قوتابیان عقوبە دەداتو پارەو ماندو بوونیان بەفیڕۆ دەدات. | |
| پرسیارەکە | |
| بەپێی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا پێش هەموارکردنی مانگی ٢٠٠٨/٦و دوای هەموارکراوەکەش هاتووە کە کردنەوەی کۆلیج بەئیمزای وەزیرە کەچی وەزیر ئاگادار نەبووە کە ئاگاداریش بووە لەجیاتی سزادانی کەسانی ئیداری کە بەم کارە هەڵساون، قوتابی عقوبە داوە؟ | |

ئەندامی پەرلەمان
نازناز محمد عبدالقادر

فراکسیۆن
پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەنجومەنی
نیشتیمانیی كوردستانی-عێراق
كوردستان – هەولێر
بەڕێوبەرایەتی كاروباری پەرلەمان
ژمارە: ٥٥٦/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٩/٤/١١



Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil
NNO:
DDATE:

## بۆ / بەڕێز خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
## بابەت/ دووپاتكردنەوە

دووپاتی نووسراومان ژمارە (١٣٨٠) لە ٢٠٠٨/١١/١٢، دەكەینەوە و هیوادارین لە نزیكترین دەرفەتدا وەڵامی پرسیارەكە بدەنەوە.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆكی پەرلەمان كوردستان ـ عیراق**

**وێنەیەك بۆ/**
- نووسینگەی بەڕێز سكرتیری پەرلەمان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**نووسینگەی وەزیر**

**ژمارە: ن/ ١٧٠**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٤/٢٢**

**بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان**

**ب/ وەڵام**

سڵاو و ڕێز ....

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە ٥٥٦/٣/٤ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٤/١٢ بۆ زانیاری بەڕێزتان بە فەرمانی نهێنی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٣٥٦ لە ٢٠٠٨/٥/٢٩ لێژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆلینەوە لە کێشەی کردنەوەی بەشەکانی ئێواران لە کۆلێژی پەروەردەی سۆران/ زانکۆی سەلاحەددین پێك هێنرا وە نوێنەری وەزارەتەکەمان ئەندام بوو لەم لێژنەیەوە کارەکانیان ئەنجام داوە ڕاپۆرتەکەیان بەرزکردوتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**د. ادریس هادی صالح**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەك بۆ/**

- **نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانینی بەڕێز وەزیر/ ئاماژە بە پەراوێزی بەڕێزتان لە ٢٠٠٩/٤/٢٠ / لەگەڵ ڕێزدا.**
- **خامەی نهێنی/ لەگەڵ بەراییەکان.**
- **دەرکردەی نهێنی.**

**ئەنجومەنی**
**نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق**
**کوردستان – هەولێر**
ژمارە: ١٨٠/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٩/٢/٢



Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil
NNO:
DDATE:

## بۆ بەڕێز/ سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران
## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ئارێز عبدالله احمد) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە یان بەنووسراو وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە، یاخود بەڕێزتان لەدانیشتنێکی ئەنجوومەن ئامادەبن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ ئاریَز عبدالله احمد
بەڕێوبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن

| | |
|---|---|
| کورتەی بابەتەکە | |
| بەکارهێنانی سەیارەکانی دەوڵەت لەلایەن بەرپرسو شوفێران لەدوای دەوامو ڕۆژانی پشوش بۆ مەبەستی تایبەت بۆتە دیاردەیەکی نابەجێو بەهۆیەوە حکومەت زیانێکی دارایی گەورە دەکاتو هەیبەتیشی کەم بۆتەوە. | |
| پرسیارەکە | |
| ئایا بۆچی ڕێوشوێنی پێویست ناگرێتە بەر بۆئەوەی پاش دەوامو ڕۆژانی پشوو سەیارەکانی دەوڵەت بەمەبەستی تایبەت بەکارنەهێندرێت؟ | |

فراکسیۆن
یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
ئارێز عبدالله احمد

Kurdistan Parliament Iraqi

Kurdistan- Erbil

ئەنجومەنی

نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق

کوردستان – هەولێر

کاروباری ئەنجومەن



NNO:

DDATE:

ژمارە: ٥٢٨/٣/٤

بەروار: ٢٠٠٩/٤/٦

**بۆ بەڕێز/ ئاریز عبداللە احمد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ وەڵامی پرسیار**

هاوپێچ لە گەل نووسراوماندا وێنەیەگ لە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان– عراق بۆتان دەنێرین کە تایبەتە بەوەڵامی پرسیاری جەنابتان.

**لەگەل رێزدا..**

هاوپێچ /

وێنەیەك لە وەلامی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عیراق

**فرست احمد عبدالله**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عیراق**

**وێنەیەك بۆ/-**

**نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان / لە گەل رێزدا**

**نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان / لەگەل رێزدا**

**نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان / لە گەل رێزدا**

**هەرێمی کوردستان- عیراق**
**سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**سکرتاریەتی ئە نجومەن**
**ژمارە ٢٨٢٠**
**رێکەوت / ١/ ٤/ ٢٠٠٩**

**بۆ / سەرۆکایەتی ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستان**
**ب/ پرسیار**

نووسراوتان ژمارە (١٨٠) لە ٢/٢/ ٢٠٠٩

١- بە نووسراوی ژمارە (٩٢٥٣) لە ٢٠/٨/ ٢٠٠٨کە وێنەی هاوپێچە .
بڕیارماندا بوو کە ئۆتومبێلەکانی حکومەت دوای دەوامی رەسمی بەکار نەهێنرێت و بە دوا داچوونەوەی ئەو نووسراوە و رێگەگرتن لە بە کارهێنانی ئەم ئۆتۆمبیلانە ئەرکی وەزارەتەکانە کە نابێت بە بێکاری پێویست پسولەی سوڕانەوەیان پێ بدرێت .

٢- هەمو ئۆتۆمبێلەکانی دام و دەزگاکانی حکومەت بڕیاری فرۆشتنیان بۆ درا بە پێی فەرمانی ژمارە (٣٤٧) مان لە ١٦/٢/ ٢٠٠٩و لە دوای ئەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنمایی تایبەت پێدەردەکات و وەزارەتەکان دەست بە فرۆشتن دەکەن .

**لە گەل رێزدا .**

هاوپێچ

نووسراو

فەرمان

**عماد احمد**
**جێگری سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**
**بەوەکالەت**

**وێنەیەك بۆ/-**
**وەزارەتی ناوخۆ/ بۆ ئاگاداریتان / لەگەل رێزدا**
**وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ / لە گەل رێزدا**
**وەزارەتی دارایی و ئابووری / بۆ هەمان مەبەست / لە گەل رێزدا**
**سکرتاریەتی ئە نجومەن.**

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**سکرتاریەتی ئەنجومەن**
**ژمارە: ٣٤٧**
**رێکەوت: ٢٠٠٩/٢/١٦**

**(( نهێنی ))**

**فەرمان**

بڕیارماندا

١. هەمو ئەو ئۆتۆمبێلانەی دام ودەزگاکانی حکومەت کە بە تایبەت تۆمار کراون ژمارەی حکومیان بۆ دانەنراوە دەبێت بە ناوی حکومەت تۆمار بکرێتەوەو لاری نییە ژمارەی مەدەنی (شارستانی ) بۆیان دابنرێت سەرباری ژمارەی حکومییەکەی

٢. هەمو ئۆتۆمبێلەکانی حکومەت تەنها ئۆتۆمبێلی ( خزمەتگوزاری ) نەبێت کەلە لایەن فەرمانبەرانەوە تا دەگاتە پلەی بەڕێوەبەری گشتی وەربگیرێتەوە و بفرۆشێت .

٣. وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنمایی تایبەت بەو دوو بڕگەیەی سەرەوە دەربکات .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وێنەیەك بۆ /**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / لەگەل رێزدا**
**گشت وەزارەتەکان / لە گەل رێزدا**
**دەزگای مین / لەگەل رێزدا**
**ئەکادیمی کوردی / لەگەل رێزدا**
**دەستەی وەبەرهێنان / لەگەل رێزدا**
**نووسینگەی سەرۆکی دیوان**
**فەرمانگەکانی ئەم سەرۆکایەتیە**
**سکرتاریەتی ئەنجومەن.**

**هەرێمی کوردستان- عیراق**
**سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**سکرتاریەتی ئە نجومەن**
**ژمارە ٤٢٧**
**رێکەوت / ٢٤/ ٢/ ٢٠٠٩**

## بۆ / سەرۆکایەتی ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستان

## ب/ پرسیار

نووسراوتان ژمارە (١٨٠) لە ٢/٢/ ٢٠٠٩

٣- بە نووسراوی ژمارە (٩٢٥٣) لە ٢٠/٨/ ٢٠٠٨کە وێنەی هاوپێچە . بڕیارماندا بوو کە ئۆتومبێلەکانی حکومەت دوای دەوامی رەسمی بەکار نەهێنرێت و بە دوا داچوونەوەی ئەو نووسراوە و رێگە گرتن لە بە کارهێنانی ئەم ئۆتۆمبیلانە ئەرکی وەزارەتەکانە کە نابێت بە بێکاری پێویست پسولەی سوڕانەوەیان پێ بدرێت .

٤- هەمو ئۆتۆمبێلەکانی دام و دەزگاکانی حکومەت بڕیاری فرۆشتنیان بۆ درا بە پێی فەرمانی ژمارە (٣٤٧) مان لە ١٦/٢/ ٢٠٠٩و لە دوای ئەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنمایی تایبەت پێدەردەکات و وەزارەتەکان دەست بە فرۆشتن دەکەن .

**لە گەڵ رێزدا .**

<u>هاوپێچ</u>
نووسراو
فەرمان

**نیچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**

**<u>وێنەیەك بۆ/-</u>**
**وەزارەتی ناوخۆ/ بۆ ئاگاداریتان / لەگەڵ رێزدا**
**وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ / لە گەڵ رێزدا**
**وەزارەتی دارایی و ئابووری / بۆ هەمان مەبەست / لە گەڵ رێزدا**
**سکرتاریەتی ئە نجومەن.**

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**سەرۆکایەتی دیوان**
**ژمارە : ٩٢٥٣**
**رێکەوت: ٢٠٠٦/٨/٢٠**

**بۆ گشت وەزارەتەکان**

**بابەت/ ئۆتۆمبێلی میری**

بەمەبەستی دانانی میکانیزمێك بۆ رێکخستنی بەکارنەهێنانی ئۆتۆمبێلی میری دوای دەوامی رەسمی و ئیش پێ نەکردنیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بڕیارماندا :-

١. هیچ ئۆتۆمبێکی میری دوای دەوامی رەسمی هاتوچۆی پێنەکرێت و بەکار نەهێنرێت .
٢. تەنها ئەو ئۆتۆمبیلانە دەکرێ پاش دەوام بەکار بهێنرێن کە پسوولە یان کارتی (کار ) ی رۆژانەیان بۆ کراوە .
٣. هەر بەڕێوەبەر یان لێپرسراو یان شۆفێرێك کە ئۆتۆمبێلی میری پاش دەوامی رەسمی و بە بێ کارتی (کار ) بەکار بهێنێ رووبەڕووی سزاو ئیجرائاتی یاسایی دەبێتەوە ، جگە لە دەست بەسەر داگرتنی ئۆتۆمبێلەکە.
٤. هەلسانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ بە وەرگرتنی ئیجرائاتی پێویست و دەست بەسەر داگرتنی هەر ئۆتومبێلێکی میری کە سەرپێچی خالەکانی سەرەوە بکات

**لە گەل رێزدا**

**عمر فتاح حسین**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**
**بەوەکالەت**

**وێنەیەك بۆ /**

**سەرۆکایەتی هەرێم / بۆ ئاگاداریتان / لەگەل رێزدا**
**بەڕێزان وەزیرانی هەرێم / بۆ ئاگاداری / لەگەل رێزدا**
**گشت فەرمانگەکانی سەر بە م سەرۆکایەتیە / بۆ ئاگاداری و ئە نجامدانی کاری پێویست.**

ئەنجومەنی
نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق
کوردستان – هەولێر
ژمارە: ١٩٠/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٩/٢/٥



Kurdistan Parliament Iraqi
Kurdistan- Erbil
NNO:
DDATE:

## بۆ بەڕێز/ وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان- عێراق
## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ئاریێز عبدالله احمد) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لەرۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان لەدانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ ئاریێز عبدالله احمد
بەڕێوبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن

| | |
|---|---|
| کورتەی بابەتەکە | |
| دوای ئەوەی لەپایزی رابردوو ئەنتیکەخانەی قەڵای هەولێر سووتا پەنجەی کەمتەرخەمی جێبەجێنەکردنی ئەرك بۆ بەرگری شارستانی (ئاگر کوژێنەوە)و پۆلیس درێژکراوەو ئەم مەسەلەیە لەدەزگاکانی راگەیاندنیش باسکراوە، | |
| پرسیارەکە | |
| ئایا دوای سووتانی ئەنتیکەخانەی قەڵای هەولێر لێکۆڵینەوەی ورد لەرووداوەکە کراوەو دەزگاکانی ئاگر کوژاندنەوەی و پۆلیس هیچ کەمتەرخەمیەکیان هەبووە؟ | |

فراکسیۆن
یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
ئاریێز عبدالله احمد

Kurdistan Parliament Iraqi

Kurdistan- Erbil

NNO:

DDATE:



ئەنجومەنی

نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق

کوردستان – هەولێر

ژمارە: ٤٢٦/٣/٤

بەروار: ٢٠٠٩/٣/١٥

## بۆ بەڕێز/ ئاریز عبدالله احمد ئەندامی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستان
## ب/ وەڵامی پرسیار

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەك لەنووسراوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆتان بۆ دەنێرین. کە تایبەتە بەوەڵامی پرسیاری جەنابیتان.

**لەگەڵ رێزدا...**

**هاوپێچ/**

**وێنەیەك لەوەڵامی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ.**

**فرست احمد عبدالله**

**سکرتێری ئە نجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان- عێراق**

**وێنەیەك بۆ/**

**نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەن/ لەگەڵ رێزدا.**

**نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئە نجومەن/ لەگەڵ رێزدا.**

**نووسینگەی بەڕێز سکرتێری ئە نجومەن/ لەگەڵ رێزدا.**

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئە نجومەن.**

**حكومەتی هەرێمی كوردستان**

**ئە نجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**ژمارە: ٢٧٩٦**

**رێكەوت: ٢٠٠٩/٢/٢٣**

**بۆ/ بەڕێز ئە نجومەنی نیشتمانی كوردستان**

**ب/ وەڵامی پرسیار**

نووسراوتان ژمارە (١٩٠/٣/٤ لە ٢٠٠٩/٢/٥)

لەرێكەوتی ٢٠٠٩/٢/١٦ بەدەستمان گەیشتووە.

سەبارەت بە پرسیاری ئەندانی پەرلەمان بەڕێز (ئارێز عبدالله احمد) كە بەدواداچوونی هەیە لەسەر ڕووداوی سوتانی (ئەنتیكەخانەی قەڵاتی هەولێر) بەچەند خاڵێك ئەو ڕوون كردنەوەیە لەسەر بابەتەكە دەخەینە بەر دەست بەڕێزتان كە دیارە بەهۆی شۆرتی كەهرەباوە ئەم ئاگرە دروست بووە بەپێی ووتەی كوڕی خاوەن ئەنتیكەخانەی سوتاو.

١. لەرێكەوتی (٢٠٠٨/١١/٩) كاتژمێر (١٩٤٥) ژووری عەمەلیاتی ئاگر كوژێنەوەی هەولێر ئاگادار كراوە لەلایەن كۆنترۆڵی پۆلیسی فریاكەوتی هەولێر (١٠٤) بەبوونی ڕووداوی ئاگر كەوتەنەوە لە (ئەنتیكەخانەی قەڵای هەولێر) دەست بەجی ئاگر كوژێنەوەی خانەقا كە نزیكە لەشوێنی ڕووداو ئاگر كردەوەو (٢) دوو ئۆتۆمبیل ناردران بۆ شوێنی ڕووداو كە نێوانیان زۆر نزیكە بەڵام لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبیلی ئاگركوژێنەوە لەدەرگای ناو بازاڕ نەدەكرا بچێتە شوێنی ڕووداو بۆیە لەدەرگای (ئەحمەدیە) بەسەر قەڵا كەوتن بۆ شوێنی ڕووداوەكە.

٢. بەهۆی تەسكی دەرگای ئەنتیكەخانەكە ئۆتۆمبیلی ئاگركوژێنەوە نەیتوانی بچێتە ژوورەوە ناچار بوون دەرگاكە بشكێنن تاكو توانرا ئۆتۆمبیلی ئاگركوژێنەوە بچێتە ژوورەوە كە بووە هۆی تەقینی تایەی ئۆتۆمبیلی ئاگركوژێنەوەو دواتر دەست كرا بەڕێوشوێنی كپ كردنەوەی ئاگرەكە ماوەی نزیكەی (١) یەك كاتژمێری خایاند تاكو بە تەواوی كۆنترۆڵ كرا

دوای بەشداربوونی (٧) حەوت ئۆتۆمبیلی ئاگركوژێنەوە بەهەموو ستافەكانیو بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر.

٣. لەكاتی ئاگركوژاندنەوەكە كارمەندان دووچاری كێشەی تەنگەبەری پەناوپێچی ناو خانووەكە ببون كە لەدوو نهۆم پێك هاتووە بە نەخشەی كۆن دروست كراوەو لەكاتی دانانی پەیژەكانی ئاگركوژێنەوە بەهۆی كۆنی بینایەكە زۆر بەئاستەنگی ئەركەكانیان جێبەجێ كردووە بەهۆی ڕمانی دیوارو كەرپوچی بینایەكە لەگەڵ شەپۆڵی ئاوی لولەكان.

٤. بەپێی یاساو ڕێنمایەكان بۆمان روون نەبووەوە كە هیچ جۆرە كە تەرخەمیەك هەبێت لەلایەن كارمەندانی ئاگركوژێنەوە تەنها ئەوە نەبێت كە بەهۆی تەسكی كۆڵانی شوێنی ڕووداوەكە ئۆتۆمبیلەكان نەیانتوانی بەخێرایی بگەنە ناو ڕووداوەكە تا شكاندانی دەرگای سەرەكی كە بۆ ئەنتیكەخانەكە ئەچێت.

٥. لەدوای هەر ڕووداوێكی ئاگركەوتنەوە لەلایەن لیژنەی هونەری بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارستانی زەرەو زیانەكانی ڕووداو مەزندە دەكرێت بەپێی ڕاپۆرتی تایبەت. ئەوەی جێگای سەرنجە خاوەنی ئەنتیكەخانەكە ئەم ڕووداوەی بەهەڵزانیو دوای زیادكردنی ژمارەی كەلو پەلە سوتاوەكانی كردووە لە (مافوری گران بەهاو بەڕی كوردیو توركەو تابلۆی دەستكردو وێنەی ئەرشیفو زیوو خەنجەری زیویو خەنجەری دەبانو مسو قەوانو كرامافۆنو كامێرای كۆنو قاپی قەڵاو منارەی گەورەو تفەنگی برنۆ) بەڵام بلە ئەنجامی پشكنینەكە پاشماوەی ئەو كەلو پەلانەی كە سووتاون لەلایەن لیژنەی هونەری پشكنینی بۆ كرا كە زۆر كەمتر لە داواكاری ناوبراو بوو بۆ نموونە:-

خاوەن ئەنتیكەخانە دەڵێ (٥٠٠) پێنج سەد مافوری ئەفغانی سوتاوە بەڵام پاشماوەی پەنجا مافوری ئەفغانی هەبوو.

ناوبراو دەڵێ (٢٥) بیستو پێنج كیلۆ غرام زیوی نوێی ئیتاڵی سوتاوە بەڵام پاشماوەی تەنها (١) یەك كیلۆ غرام هەبوو.

ناوبراو دەڵێ (٣٠٠٠) سێ هەزار تابلۆی دەستكردم سووتاوە بەڵام پاشماوەی تەنیا (٤٥٠) چوار سەدوو پەنجا دانە هەبووە.

ناوبراو دەڵێ (١٧٥) سەدو حەفتاو پێنج کیلۆ غرام زیوی کۆنی کافرەکان سوتاوە بەڵام پاشماوەی تەنها (١) یەك کیلۆ غرام هەبوو...هتد.

وە بۆ زیاتر زانیاری بەڕێزتان تەواوی لیستی خەملاندنی زەرەرو زیانەکان هاوپێچی نوسراومان دەکەین بۆ ئاگاداری دەربارەی نرخەکانیش بەپێی ووتەی خاوەن ئەنتیکەخانەکە خەملێنراوە لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو نرخانە نازانین. ولەڕاستیدا ئێمەش لێرەو لەوێ گوێ بیستی هەواڵی ئەوە بووینە کە خاوەن ئەنتیکەخانەکە دوای پشکنینی لیژنەی هونەری کە زیانە خەملێنراوەکەی لیژنەی هونەری بەرگری شارستانی بەدڵ نەبوە پڕوپاگندەی ئەوەی کردووە کە گوایە پۆلیسی ئاگر کوژێنەوە درەنگ گەیشتونە شوێنی ڕووداو.

لەکۆتاییدا خۆشحاڵین بە بەدواداچوونی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر هەر ڕووداو بابەتێك کە پەیوەندی بەکارو چالاکی وەزارەتمان هەبێتو ئامادەین بۆ هەر ڕوون کردنەوەیەك لەسەر هەر بابەتێك.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**کریم سنجاری**
**وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ**

**هاوپێچ/**

**لیستی خەملاندن**

**روون کردنەوە**

**بەڕێوبەرایەتی گستی پۆلیس**
**بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر**
**(هونەری)**
**ژمارە: ٣٧٣٢**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١١/٢٠**

## بۆ/ ڕۆژنامەی خەباتی بەڕێز
## ب/ ڕوونکردنەوە

ڕۆژنامەکتان لەژمارە (٣٠٢١) لەڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٢ لەلاپەڕی ریپۆرتاژ بابەتێك بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی خاوەن ئەنتیکەخانەی قەڵای هەولێر ئەم ڕوونکردنەوەمان لەسەر بابەتەکە هەیە بە ئومێدی ئەوەین بڵاوی بکەنەوە:-

وەڵامی بەڕێزتان دەدەینەوە کە لەیەکەم پەیوەندی تەلەفۆنی دەستبەجێ (٢) ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوەی بنکەی بەرگری شارستانی خانەقاو تیمی جێگیر بوو لەبارەگای بەڕێوەبەرایەتیمان کەزۆر نزیکن لەشەقامی قەڵات بەزووترین کات گەیشتنە شوێنی ڕووداو بەڵام نەیانتووانی بچنە ژوورەوەو دەست بەکاربن چونکە ڕێگای ئەنتیکەخانەو دەرگای چوونە ژوورەوە زۆر تەسك بوو دوای چەند دەقیقەیەك توانرا دەرگایەکە بشکێنن‌و تەنها (١) ئۆتۆمبیل چووە ژوورەوە دوای ئەوەی (٢) تایەی دوو ئۆتۆمبیل تەقی بەهۆی شێلمانی شکاوەی دەرگا و زیاتر لە (٧) ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوەو ئاو هەڵگر بەشداریان لە کۆنترۆل کردنی ئەم ڕووداوە کرد کە ئاگرەکە گەیشتوە هەموو ژوورەکان‌و ماوەی یەك کاتژمێری خایاند.

وبۆ ئاگاداری گشت ئۆتۆمبیلەکانی ئاگرکوژێنەوەی بنکەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیمان کە ژمارەیان (٤٠) ئۆتۆمبیلە لە ئامادەباشی دان‌و هیچ کەم‌و کوڕیان نییەو زیاد لە پێویست پێداویستیەکانی بەرگری شارستانی لەناو هەموو ئۆتۆمبیلەکان هەیەو یەکەم بەڕێوەبەرایەتیە کە هیچ ئۆتۆمبیلی لەکارکەوتوومان نییە. بەڵام وەك پرسیارێك بۆ کاك خالص‌و هاووڵاتیان ئایا؟

١. ئەم شوێنە گرنگە وەکو پێویست پێداویستیەکانی بەرگری شارستانی بۆ دابین کراوە کە ئەبوایە هەڵەر ژوورێك چەند ئامێرێکی ئاگرکوژاندنەوەی (مطافي الحريق) هەبێت کە تەنها پاشماوەی یەك ئامێری ئاگرکوژێنەوە بینرا.
٢. ئایا ئەم شوێنە گرنگە وەکو پێویست پاسەوانی بۆ دابین کرابوو لەم جۆرە ڕووداوە کە سەرەتا شۆرتێکی کارەبای بوو وەك کوڕی کاك خالص باسی کرد تاکو چارەسەری بکەن‌و نەهێڵن ئاگرەکە تەشەنە بکات‌و گەورە بێت تاکو ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە دەگاتە لایان.

٣. ئایا رێگای ئۆتۆمبیل بۆ ئەم شوێنە گرنگانە وەکو پێویت رێکخراوەو دابین کراوە کە لەبەر تەسکی ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە نەیتوانی بچێتە ژوورەوە. هاووڵاتیانی بەڕێز تەنها ئەگەر تووشی زەرەروزیانێکی کەمیش بین گلەیی لە بەرگری شارستانی دەکەن دەلێێن ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە درەنگ هاتوو صۆندەو پەیژەی نەبوو یان ئاوی تێدا نەبوو یان کارمەندان کەم تەرخەم بوون.

٤. زۆر ئاساییە خاوەن دوکان‌و پێشانگاکان ئەگەر لەیەك دەیتە جلوبەگ (١٠٠$) سەد دۆلار قازانج بکەن بەڵامك پیٚی زۆرە و گرانە یەك ئامێری ئاگرکوژێنەوەی دەستی کە نرخەکەی (٢٠٠$) بیست دۆلاری لەدوکانی یان لەماڵی دابنێت. بۆ نموومە هاووڵاتیان (باڵەخانە) بەزیاتر لە (٥٠) دەفتەر دۆلار دروست دەکەن بەڵام کەبەلێین نامەی لیٚ وەرئەگرین بەدانانی دەمی ئاو (فوهات الحریق)و فیکەی ئاگادارکردنەوەی (الانذار المبکر) کە نرخی یەك لەیەك دەفتەر دۆلار کەمترەو لەبەرژەوەندی خۆی دایەو پیٚی گرانەو هەندێکیان هەر داینانێن بەڵام کە ئاگر لە باڵەخانەی روودەدات ئەوکات گلەیی لە بەرگری شارستانی دەکات‌و بۆ ئاگاداری هۆی درەنگ گەیشتی ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە بۆ شوێنی رووداو ئەگەرێتەوە بۆ ئیزدحامی شەقامەکان‌و کەمی بنکەی بەرگری شارستانیە لەناو هەولێر کە تەنها پێنج بنکەمان هەیەو پێویست بەزیاتر لە (٢٠) بنکەی هەیە بۆیە بەم بۆنەیە داوا لەهاووڵاتیانی بەڕێز دەکەین کە لەناو ماڵ‌و دوکان‌و ئۆتۆمبیل‌و پێشەنگاکان ئامێری ئاگرکوژێنەوەیان هەبێت بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست بەکاری بهێنن هەر نەبیٚ ئاگرەکە تەشەنە نەکات تاکو ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە دەگاتە شوێنی رووداو .

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەمیدی پۆلیس**
**خلیل خدر مجید**
**بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر**

**وێنەیەك بۆ/**

**پارێزگای هەلێر/ کاروباری ناوخۆ. بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ جولانەوەو تاوان/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ ڕێنمایی مەعنەوی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزماندا**

**هونەری/ بۆزانین‌و کاری پێویست.**

**ڕێنمایی مەعنەوی/بۆ زانین‌و کاری پێویست.**

**خولاو.**

# لیستی بە خەملاندنی زەرەروو زیانەکانی ئەنتیکەخانەی هەولێر لەقەڵات ٢٠٠٨/١١/٩

| ژ | ناوی خاوەن ئەنتیکەخانە | جۆری کەلو پەل | ژمارەی کەلوپەل | نرخی تاک بەدینار | نرخی کۆ بەدینار | کۆی گشتی بەدینار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | خالص یونس مستەفا | سووتانی مافووری هەرەکە (٦) مەتری | ٧ دانە | ٨٠٠٠٠ | ٥٦٠٠٠٠ | |
| ٢ | | سووتانی مافووری هەرەکە (١٢) مەتری | ٧ دانە | ١٣٠٠٠٠٠ | ٩١٠٠٠٠٠ | |
| ٣ | | سووتانی مافووری قەیسەی (٢) مەتری | ٢٢ دانە | ٤١٦٥٠٠٠ | ٨٨٠٠٠٠٠ | |
| ٤ | | سووتانی مافووری قەیسەر مترو نیوی | ٢٢ دانە | ٢٣٨٠٠٠٠ | ٥٢٣٦٠٠٠٠ | |
| ٥ | | سووتانی مافووری قووم (١٢) مەتری | ٩ دانە | ٧٧٣٥٠٠٠ | ٩٦٩١٥٠٠٠ | |
| ٦ | | سووتانی مافووری قوم (٦) مەتری | ١٢ دانە | ٣٠٠٠٠٠ | ٩٦٠٠٠٠٠ | |
| ٧ | | سووتانی مافوری (٢) مەتری | ٣٢ دانە | ٣٠٠٠,٠٠٠ | ٩٦,٠٠٠,٠٠٠ | |
| ٨ | | سووتانی مافوور ١/٥ مەتری | ٤٣ دانە | ٩٦٠٠٠٠ | ٤١٢٠٠٠٠٠ | |
| ٩ | | سووتانی مافووری ئاوریشمی بچووك | ١١٢ دانە | ٣٦٠٠٠٠ | ٤٠٣٢٠٠٠٠ | |
| ١٠ | | سووتانی مافووری ئاوریشمی خڕ | ١٦ دانە | ٣٢٠٠٠٠ | ٤٩٩٢٠٠٠٠ | |
| ١١ | | سووتانی مافووری گوڵ ئاوریشم ١٢ مەتری | ٣٠ دانە | ٣٠٠٠٠٠ | ٩٠٠٠٠٠٠ | |
| ١٢ | | سووتانی مافووری گوڵ ئاوریشم (٦) | ١٣ دانە | ٢٤٠٠٠٠ | ٣١٢٠٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مەتری | | | | |
| ١٣ | | سووتانی مافووری گوڵ ئاوریشم جۆراوجۆر | ١٠٥ دانه | ٣٠٠٠٠٠ | ٣١٥٠٠٠٠٠ | |
| ١٤ | | سووتانی مافووری ئەفغان لەسەر ووتەی خاوەنی (٥٠٠) دانەیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٥٠) دانە هەبووە سوتاوە | ٥٠ دانه | ٢٤٠٠٠٠ | ١٢٠٠٠٠٠٠ | |
| ١٥ | | سووتانی مافووری قۆچان لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٠٠) دانەیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٢٠) دانە هەبووە سوتاوە | ٢٠ دانه | ٢٤٠٠٠٠ | ٣٦٠٠٠٠٠ | |
| | | | | | | ١,١٣٤,٠٩١,٠٠٠ |

## لیستی خەملاندنی زەرەوو زیانەکانی ئەنتیکەخانەی هەولێر لەقەڵات ٢٠٠٨/١١/٩

| ژ | ناوی خاوەن ئەنتیکەخانە | جۆری کەلو پەل | ژمارەی کەلوپەل | نرخی تاك بەدینار | نرخی کۆ بەدینار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | خالص یونس مستەفا | سووتانی مافووری کوردی تەنك لەسەر ووتەی خاوەنی (٧٥٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٨٠) دانە هەبووە | ٨٠ دانه | ٢٤٠٠٠٠ | ١٩٢٠٠٠٠٠ | |
| ١٧ | | سووتانی بەریە کوردی لەسەر ووتەی | ٧٠ دانه | ١٨٠٠٠٠ | ١٢٦٠٠٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خاوەنی (٧٥٠) دانیه بەڵام تەنها پاشماوەی (٧٠) دانه هەبووە | | | | |
| ١٨ | | سووتانی بەرەی سنه لەسەر ووتەی خاوەنی (٦٠٠) دانیه بەڵام تەنها پاشماوەی (٥٠) دانه هەبووە | ٥٠ دانه | ٣٦٠٠٠٠ | ١٨٠٠٠٠٠٠ | |
| ١٩ | | سووتانی جەوال لەسەر ووتەی خاوەنی (١٢٠٠) دانیه بەڵام تەنها پاشماوەی (٦٠٠) دانه هەبووە | ٦٠٠ | ٢٥٠٠٠ | ١٥٠٠٠٠٠٠ | |
| ٢٠ | | سووتانی توورەگەی نخشین لەسەر ووتەی خاوەنی (١٥٠٠) دانیه بەڵام تەنها پاشماوەی (٢٠٠) دانه هەبووە | ٢٠٠ | ٥٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠٠٠ | |
| ٢١ | | سووتانی تێری ووڵاغ لەسەر ووتەی خاوەنی (١٦٠) دانیه بەڵام تەنها پاشماوەی (١٢٠) دانه هەبووە | ١٢٠ | ٢٤٠٠٠٠ | ٢٨٨٠٠٠٠٠ | |
| | | | | | | ١٠٣,٦٠٠,٠٠٠ |
| ٢٢ | | سووتانی رستەی گورینگە لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٠٠٠) دانیه بەڵام تەنها پاشماوەی (١٢٠) دانه هەبووە | ١٢٠ | ٣٥٠٠٠ | ٤٢٠٠٠٠٠ | |
| ٢٣ | | سووتانی هەگبە | ١٢٠ | ٢٥٠٠٠ | ٣٠٠٠٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٠٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (١٢٠) دانە هەبووە | | | | |
| ٢٤ | | سووتانی تابلۆی دەستکرد لەسەر ووتەی خاوەنی (٣٠٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٤٥٠) دانە هەبووە | ٤٥٠ | ٢٤٠٠٠٠ | ١٠٨٠٠٠٠٠ | |
| ٢٥ | | سووتانی وێنەی ئەرشیفی هەولێر گەروە لەسەر ووتەی خاوەنی (١٠٠٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٥٠٠٠) دانە هەبووە | ٥٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ | ٢٥٠٠٠٠٠٠٠ | |
| ٢٦ | | سووتانی زیوی نوێی ئیتالی لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٥) کغم بەڵام تەنها پاشماوەی (١) کغم هەبووە | ١ کغم | ٢٤٠٠٠٠٠ | ٢٤٠٠٠٠٠ | |
| ٢٧ | | سوتانی زیوی نوێی تورکی لەیەر ووتەی خاوەنی (٣٠) کغم بەڵام تەنها پاشماوەی (١) کغم هەبووە سوتاوە | ١ کغم | ٩٦٠٠٠٠ | ٩٦٠٠٠٠ | |
| | | | | | | ٢٧١,٣٦٠,٠٠٠ |
| ٢٨ | | سووتانی زیوی تایلەندی لەسەر ووتەی خاوەنی (١٥) | ١ کغم | ٢٤٠٠٠٠٠ | ٢٤٠٠٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کغم بەڵام تەنها پاشماوەی (١) کغم هەبووە | | | | |
| ٢٩ | | سووتانی زیوی کۆنی کافرەکان لەسەر ووتەی خاوەنی (١٧٥) کغم بەڵام تەنها پاشماوەی (١) کغم هەبووە | ١ کغم | ١١٤٠٠٠٠ | ١١٤٠٠٠٠ | |
| ٣٠ | | سووتانی خەنجەری زیوی کوردی لەسەر ووتەی خاوەنی (٤٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (١٢) دانە هەبووە | ١٢ دانە | ٤٨٠٠٠٠ | ٥٧٦٠٠٠٠ | |
| ٣١ | | سووتانی خەنجەری دەبان لەسەر ووتەی خاوەنی (٦٣٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٢٥) دانە هەبووە | ٢٥ دانە | ٦٠٠٠٠ | ١٥٠٠٠٠٠ | |
| ٣٢ | | سووتانی سندووقی دەستکردی کۆن | ٧٠ دانە | ٤٨٠٠٠٠ | ٣٣٦٠٠٠٠٠ | |
| ٣٣ | | سووتانی جامخانەی ئەلەمنیۆم لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (١٠) دانە هەبووە | ١٠ دانە | ٣٦٠٠٠٠ | ٣٦٠٠٠٠٠ | |
| ٣٤ | | سوتانی جلوبەرگی پیاوان کۆن | --- | --- | ١٠٠٠٠٠٠ | |
| ٣٥ | | سووتانی جلوبەرگی | --- | --- | ١٠٠٠٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ئافرەتان | | | | |
| ٣٦ | | سووتانی پەیكەری جلك | ٥٠ دانە | ١٢٠٠٠٠ | ٦٠٠٠٠٠٠ | |
| | | | | | | ٨٧,٥٠٠,٠٠٠ |
| | | سووتانی مسو برۆنز لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٠٠٠) كغم بەڵام تەنها پاشماوەی (١٨٠) كغم هەبووە | ١٨٠ كغم | ٦٠٠٠٠ | ١٠٨٠٠٠٠٠ | |
| ٣٧ | | سووتانی ئەرشیفی قەوان لەسەر ووتەی خاوەنی (١٠٠٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٥٠٠) دانە هەبووە | ٥٠٠ دانە | ١٢٠٠٠ | ٦٠٠٠٠٠٠ | |
| ٣٨ | | سووتانی رادیۆی كۆن لەسەر ووتەی خاوەنی (٥٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (١٥) دانە هەبووە | ١٥ دانە | ٣٦٠٠٠٠ | ٥٤٠٠٠٠٠ | |
| ٣٩ | | سووتانی گەرامەفۆن لەسەر ووتەی خاوەنی (٣٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٢٠) دانە هەبووە | ٢٠ دانە | ٣٦٠٠٠٠ | ٧٢٠٠٠٠٠ | |
| ٤٠ | | سووتانی مسەجلەی بەكرە | ٤٠٠ دانە | ٢٤٠٠٠٠ | ٩٦٠٠٠٠٠٠ | |
| ٤١ | | سووتانی كامیرای كۆن لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٥) دانە هەبووە | ٥ دانە | ٩٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٢ | | سووتانی کورسی قەنەفەی کۆن لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٥) دانە هەبووە | ٥ تاخم | ٧٢٠٠٠ | ٣٦٠٠٠٠ | |
| | | | | | | ١٢٩,٤٥٠,٠٠٠ |
| ٤٣ | | سووتانی قاپی قەڵاو منارەی گەورە لەسەر ووتەی خاوەنی (٥٠٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٣٠) دانە هەبووە | ٣٠ دانە | ٤٥٠٠٠ | ١٣٥٠٠٠٠ | |
| ٤٤ | | سووتانی قاپی قەڵاو منارەی بچوك لەسەر ووتەی خاوەنی (٢٠٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٥٠) دانە هەبووە | ٥٠ دانە | ٢٥٠٠٠ | ١٢٥٠٠٠٠ | |
| ٤٥ | | سووتانی کۆمەڵێك شوشەواتی کۆن | -- | -- | ٢٤٠٠٠٠٠ | |
| ٤٦ | | سووتانی کەلۆپەلی لەپێست دروستکراو لەسەر ووتەی خاوەنی (٥٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٧٠) دانە هەبووە | ٧٠ دانە | ١٢٠٠٠ | ٨٤٠٠٠٠ | |
| ٤٧ | | سووتانی جاجمی کۆن لەسەر ووتەی خاوەنی (٣٥٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی | ٢٣٥ دانە | ٣٥٠٠٠ | ٨٢٣٥٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | (٢٣٥) دانە هەبووە | | | | |
| ٤٨ | | سووتانی تفەنگی برنۆ لەسەر ووتەی خاوەنی (١١٠) دانیە بەلام تەنها پاشماوەی (١٢) دانە هەبووە | ١٢ دانە | ٣٦٠٠٠٠ | ٤٣٢٠٠٠٠ | |
| | | | | | | ٤٧,٥٥٥,٠٠٠ |
| ٤٩ | | سووتانی سیرامیكی كۆن ٥١ | ــــ | ــــ | ١٢٠٠٠٠٠ | |
| ٥٠ | | سووتانی خانوەكە بەگشتی | ــــ | ــــ | ٢٤٠٠٠٠٠ | |
| ٥١ | | سووتانی كۆمەڵێك كەلوپەلی كشتوكاڵی | ــــ | ــــ | ٧٠٠٠٠ | |
| ٥٢ | | سووتانی ئامێری كۆنی جۆراوجۆر وەك مەكینەی درومان | ــــ | ــــ | ٨٤٠٠٠٠ | |
| ٥٣ | | سووتانی كەل‌وپەلی دروستكرنی دەزگای مافور | ــــ | ــــ | ٧٠٠,٠٠٠ | |
| ٥٤ | | سوتانی كەلۆپەل بەلباد دروست كراوە | ــــ | ــــ | ٣٦٠٠٠٠ | |
| ٥٥ | | سووتانی ئاوێنەی كۆنی ماڵان | ٢٠٠ دانە | ٦٠٠٠٠ | ١٢٠٠٠٠٠ | |
| ٥٦ | | سووتانی هاونی كۆنی دەستكرد لەسەر ووتەی خاوەنی (١٠٠) دانیە بەلام تەنها پاشماوەی (١٢) دانە هەبووە | ١٢ دانە | ١٠٠٠٠ | ١٢٠٠٠٠ | |
| ٥٧ | | سووتانی كەل‌وپەلی منداڵانو لانكو لەیێ | ــــ | ــــ | ٢٠٠٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لوك | | | | |
| ٥٨ | | سووتانی قۆری جۆراوجۆر | ٤٠٠ دانه | ١٥٠٠٠ | ٦٠٠٠٠٠٠ | |
| ٥٩ | | سووتانی کۆمەڵێك کەلوپەلی قوتابخانەی کۆن | --- | --- | ٢٠٠٠٠٠٠ | |
| ٦٠ | | سووتانی کۆمەڵێك جەرەو کۆزەی جۆراوجۆر | -- | --- | ١٥٠٠٠٠٠ | |
| ٦١ | | سووتانی کۆمەڵێك کەل‌وپەلی قوتابخانەی کۆن | --- | --- | | |
| ٦٢ | | سووتانی کۆمەڵێك چرای کۆن‌و لالەی کۆن لەسەر ووتەی خاوەنی (١٨٥) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (١٤) دانە هەبووە | ١٤ دانه | ١٠٠٠٠ | ١٤٠٠٠٠ | |
| | | | | | | ٧٨,٣٤٠,٠٠٠ |
| ٦٣ | | سووتانی سەماوەر لەسەر ووتەی خاوەنی (٤٠٠) دانیە بەڵام تەنها پاشماوەی (٥٠) دانە هەبووە | ٥٠ دانه | ٤٨٠٠٠ | ٢٤٠٠٠٠٠ | |
| ٦٤ | | سووتانی ئامێرەکانی کارەبای وەك ٢ سەلاجەو ٢ مبردە ٣ پانکە ٣ گێسکی کارەباو ٨ هیتەری کارەباو ٩ پانکەو ٢ ترۆمپای ئاوو ١ تەباخ | --- | --- | ٣٠٠٠٠٠٠ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لەسەر ووتەی خاوەنی (١٦٠) دانیە بەلآم تەنها پاشماوەی (١٢٠) دانە هەبووە | | | | |
| ٦٥ | | سووتانی پۆلی پۆستە | ٢٠٠٠٠٠ | --- | ١٢٠٠٠٠٠ | ٣٩,٠٠٠,٠٠٠ |

تێبینی/ ئم کەلو پەلانەی کە پاشماوەی نییەو هەموو نرخەکانیش لەسەر ووتەی خاوەنەکە نووسراوە
کۆی گشت زەرەوو زیانەکان دەکاتە (١,٨٩٠,٨٩٦,٠٠٠) یەك ملیاروو هەشت سەدوو نۆوەت ملۆن و هەشت سەدو نۆوەتو شەش هەزار دینار

| | | |
|---|---|---|
| مفەوەز پلە ٦ | ملازمی دوو | ملازمی یەك |
| کامەران محمد عبداللە | عزیز عبدالرحمن سعید | کامەران رحمان قادر |
| بنکەی خانەقا | ئەفسەری بنکەی خانەقا | ئەفسەری بنکەی ئازادی |
| ئەندام | ئەندام | سەرۆك لیژنە |

Kurdistan Parliament Iraqi

Kurdistan- Erbil

NNO:

DDATE:



ئەنجومەنی

نیشتیمانیی کوردستانی-عێراق

کوردستان – هەولێر

ژمارە: ٢٤١/٣/٤

بەروار: ٢٠٠٩/٢/١٠

## بۆ بەڕێز/ وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## ب/ پرسیار

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ڤیان احمد خضر پاشا) ئەم پرسیارەی خوارەوەتان ئاراستە دەکات، تکایە لەماوەی (١٥) پازدە رۆژدا لەرۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان لەدانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ ڤیان احمد خضر پاشا
بەڕێوبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن

| | |
|---|---|
| کورتەی بابەتەکە | |
| یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧. | |
| پرسیارەکە | |
| ئایا وەزارەتی پەروەردە چی کردووە بۆ پیادەکردنی یاساکە کە لە ٢٠٠٨/٥/٣١ دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟وەك:<br>قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لەقوتابخانەکانو بنکەکاانی فێرکردنو مەشقو زانکۆو شوێنەکانی پەستن مەڵبەندە تەندروستیەکانو نۆرینگەکان، وەکو لەماددەی (٨) بڕگەی (٥)دا هاتووەو ئاراستەکردنیان بۆ ئامادەکردنی شوێنە تایبەت بۆ جگەرەکێشان | |

فراکسیۆن
یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
ڤیان احمد خضر پاشا

**حكومەتی هەرێمی كوردستان**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پەروەردە**
**نووسینگەی تايبەت**
**ژمارە: ٣٠**
**ڕێكەوت: ٢٠٠٩/٢/١٧**

**بۆ/ سەرۆكايەتی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان- عێراق**
**بابەت/ وەڵام**

نووسراوتان ژمارە (٢٤١) لەرۆژی ٢٠٠٩/٢/١٠ پرسياری دەربارەی (قەدەغەكردنی جگەرەكێشان لەقوتابخانەكان‌و بنكەكانی فێركردن‌و مەشق). بەپێی ئەو ڕێنمايانەی كە لەوەزارەتی پەرەردە ساڵانە دەردەچێت بايەخێكی زۆر بەقەدەغەكردنی جگەرەكێشان لەقوتابخانەو خوێندنگاو پەيمانگاو بنكەكانی فێركردن‌و پەيمانگاكانی ڕاهێنان‌و مەشق دەدرێت‌و ساڵانەش بەدواداچوونی بۆ دەكرێت لەلايەن دەزگاكانی وەزارەت بەتايبەت بەڕێوبەرايەتی چالاكی وەرزش‌و هونەری- بەڕێوبەرايەتی ژينگەو بەڕێوەبەرايەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاكان، و بەڕێوەبەرايەتی سەرپەرشتياری پەروەردەيی بەدواداچوونی بۆ دەكات.

قەدەغەكردنی جگەرەكێشان بەپێی سيستمی وەزارەت‌و ڕێنماييەكان پەيڕەوكراوە پێش دەرچوونی (يسای بەڕەنگابوونەوەی جگەرەكێشان ژمارە (٣١)ی ساڵی (٢٠٠٧).

**هەڵمەتی** وەرزارەتی پەروەردە بۆ بەڕەنگابوونەوەی جگەرەكێشان لەم چالاكيانەی خوارەوە بەديار دەكەوێت:

١. لەزۆربەی پەرتوكەكانی بابەتەكانی خوێندن ئاماژە بەزيان‌و كاردانەوەی جگەرەكێشان لەسەر لەشی مرۆڤو ژينگە پێكراوە وەكو بابەتێك لەپرۆگرامی خوێندن.
٢. گشتاندنی ياسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧ بەسەر دام‌و دەزگاكانی وەزارەتی پەرەردە بە نووسراوی ژمارە (١٠١٧٢) لە ٢٠٠٨/٦/١١.
٣. قەدەغەكردنی جگەرەكێشان بەفەرمانی وەزاری ژمارە (٢٨٠٨) لە ٢٠٠٨/٦/١٢ لە گشت دام‌و دەزگاكانی وەزارەت.
٤. نووسراوی بەڕێوەبەرايەتی گشتی سەرپەرشتی كردنی پەروەردەيی بۆ بەدواداچوون دەربارەی قەدەغەكردنی جگرەكێشان.
٥. گشتاندنی بەڕێوەبەرايەتی گشتی پەيمانگاكان‌و مەشق كۆدن بۆ ياسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەربارەی قەدەغەكردنی جگەرەكێشان.

٦. چالاکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ژینگەو تەندروستی لەسەر ئاستی وەزارەتو دامو دەزگاکانی تر کە ئەنجامیان داوە دەربارەی قەدەغەکردنی جگەرەکێشان دەست نیشان کردنی ژووری تایبەت بە جگەرەکێشانو دیاری کردنی زیانەکانی.
٧. هەڵواسینی پۆستەرو ڕێنماییەکانی جگەرەنەکێشان لەقوتابخانەو خوێندنگاو دامو دەزگاکانی سەر بە وەزارەتنو کردنەوەی خولی تایبەت لەم باریەوە.
٨. هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ بەرەنگابوونەوەی جگەرەکێشان.

**دڵشاد عبدالرحمن محمد**
**وەزیری پەروەردە**

**<u>هاوپێچ/</u>**
**نوسراوی گشتاندنی یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە ٢٠٠٨/٦/١١.**
**فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٨٠٨) لە ٢٠٠٨/٦/١٢.**
**نووسراوی بەڕێوبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری ژمارە (٣٠٤٣) لە ٢٠٠٨/٦/٢٦.**
**نووسراوی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان ژمارە (٦٧٢) لە ٢٠٠٨/٦/٢٦.**
**چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ژینگەو تەندروستی.**

**<u>وێنەیەك بۆ/</u>**
**سکرتاریەتی ئەنجومەن.**
**بەڕێز وەزیری کاروباری پەرلەمان.**
**بەڕێز (ڤیان احمد خدر/ پەرلەمانتار)**
**نووسینگەی تایبەت.**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن.**
**خولاو.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پەروەردە**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا**
**ژمارە: ١٠١٧٢**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٦/١١**

**بۆ/ بەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر/ سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان**
**ب.پ.کرکوك/ خوێندنی کوردی/ ب.پ.کۆیە/ ب.پ. خانەقین**
**ب/ گشتاندن**

هاوپێچ (٢) دوو دانە لەیاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگابوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧تان بۆ رەوانە دەکەین بەزمانی کوردیو عەرەبی کە بە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٨ دەرکراوە بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٨٣) لە ٢٠٠٨/٦/٢ بۆمان هاتووە بۆ سوود لێ وەرگرتنو کاری پێویست تکایە.

**هاوپێچ/**
**دوو دانە لەیاسای ژمارە (٥)ی ساڵی/ ٢٠٠٨**

**کەوکەز حسین عزیز**
**بەڕێوەبەری گشتی دیوان**

**وێنەیەك بۆ/**
**نووسینگەی تایبەت/ لەگەڵ رێزدا.**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**گشت بەڕێوبەرە گشتیەکانی دیوانی وەزارەت**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا/ لەگەڵ هاوچێج**
**خولاو**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق**
**ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پەروەردە**
**بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەزشیو دیدەوانیو هونەر**
**بەڕێوەبەرایەتی ژینگەو تەندروستی**
**ژمارە: ٢٨٠٨**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٦/١٢**

**بۆ/ بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی**
**(هەولێر/ سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان ب.پ.کرکوك/ خوێندنی کوردی**
**ب.پ.کۆیە/ ب.پ. خانەقین)**
**ب/ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان**

تکایە گشتاندنی بکرێت بۆ سەرجەم قوتابخانەو خوێندگاکانو دامەدەزگا فەرمیەکانتان کەلەڕۆژی (٢٠٠٨/٥/٣١) جگەرەکێشان لە دەزگاکانتان قەدەغەیەو سەرپێچی کار بەپێی یاسا سزا دەدرێت.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**د. دلشاد عبدالرحمن محمد**
**وەزیری پەروەردە**

**وێنەیەك بۆ/**
**وەزارەتی تەندروستی/ نووسینگەی بەڕێز وەزیری تەندروستی نوسراوتان ژمارە (٥٦٧٩) لە (٢٠٠٨/٥/١٩).**
**نووسینگەی تایبەت**
**سەرجەم بەڕێوبەرایەتی گشتی ناودیوانی بۆهەمان مەبەستی سەرەوەو جێبەجێکردن. لەگەڵ ڕێزدا.**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی پەیمانگەو مەشکردن/ گشتاندن بکرێت بۆهەمان مەبەستی سەرووەوە بۆ سەرجەم پەیمانگاکان.**
**لەگەڵ ڕێزدا.**
**بەڕێوبەرایەتی ژینگەو تەندروستی قوتابخانەو خوێندنەکان/ بەدواداچوون.**
**خولاو.**

**حكومەتی هەرێمی كوردستان**
**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی تەندروستی**
**نووسینگەی وەزیر**
**ژمارە: ٥٦٧٩**
**رێكەوت: ٢٠٠٨/٥/١٩**

**بۆ/ وەزارەتی پەروەردە & وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی**
**ب/ قەدەغەكردنی جگەرەكێشان**

تكایە گشتاندن بكەن بۆ زانكۆكانو پەیمانگاو قوتابخانەو دامو دەزگا فەرمییەكانتان كە لەرۆژی ٢٠٠٨/٥/٣١ جگەرەكێشان لە دەزگاكانتان قەدەغەیەو سەرپێچی كار بەپێی یاسا سزا ئەدرێت... لەگەڵ رێزمان.

**د. عبدالرحمن عوسمان یونس**
**وەزیر**

**وێنەیەك بۆ/**
**نووسینگەی وەزیر/ لەگەڵ بەراییەكان.**
**بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری تەندروستی.**
**ب. پاراستنی تەندروستی.**
**دۆسیەی گشتی**
**خولاو**

**هەرێمی کوردستان- عێراق**
**ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی پەروەردە**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی**
**بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی/ ئامادەیی**
